# چاپکراوی نوێ

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان دوو کتێب چاپ وبڵاوکرانەوە، کە هەردووکیان لە نووسینی (دکتۆر دینمۆ حەمەد ئامێدبەك) و وەرگێڕانی (تەحسین وسو عەبدوڵلا)ن، کتێبی یەکەم بە ناوی (کۆدەکانی جیۆکلتووری سیاسەتی دەرەوەی ئێران)، ئەم کتێبە ئاماژە بەوە دەکات کە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە لە دەروازەی کلتوورییەوە ئاراستەیەکی نوێیە لە تیۆرەکانی پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا، لە چارێکی کۆتاییی سەدەی ڕابردوودا، گرنگیی بابەتەکانی کلتوور، ناسنامە، شارستانیەت و ئایین لەلایەن پسپۆرانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زیاتر دەرکەوتووە. کتێبی دووەم بە ناوی (کۆدەکانی جیۆپۆلەتیکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران)،لە پێشەکی کتێبەکەدا باس لەوە کراوە کە ئێران لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکەوە خاوەنی شوێنێکی ناوەندییە لە ڕۆژئاوای ئاسیا، قەفقاسیا، باشوورو ناوەڕاستی ئاسیا، بە درێژایی مێژوو هەموو ئەو دەوڵەتانەی لەسەر خاکی ئێران دروست بوونە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ناوچەکەز لەسەردەمی ئێستاشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران چاوی لەسەر نفوزییەتی، لەو ناوچانەی کە ئاماژەیان پێکرا، تاران سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە شێوەیەکی چالاکانە جێبەجێ دەکات. جگە لە چەندین بابەتی دیکەی پەیوەست بەم چەمکە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا نووسراون و شیکراونەتەوە.دەست خۆشی لە وەرگێڕ(تەحسین وسو عەبدوڵلا) دەکەین، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.








# هێمای نەتەوەیەک

# پێشوازی لە سەرۆکی فەرەنسا دەکات









## سەردانێکی گرنگ و پێشوازییەکی گەرمی دۆستانە

# هەوڵێک بۆ خوێندنەوەی وێنەکانی ڕێوڕەسمی پێشوازییەکە



**سەردانی فرانسۆ هۆلاند (سەرۆکی پێشووی فەرەنسا) لە ئەیلوولی ٢٠١٤ بۆ هەرێمی کوردستان و پێشوازیکردنی لەلایەن سەرۆک مسعود بارزانی، هەروەها سەردانی ئەمجارەی ئەمانوئیل ماکرۆن لە ٢٩ی ئابی ٢٠٢١ بۆ هەولێر و پێشوازیکردنی لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، وێنایەکی دروست کردووە، کە پێناسەی پێگە و شکۆی هەرێمی کوردستان لە ناو سیاسەت و ستراتیژیەتی دەوڵەتێکی گەورەی وەک فەرەنسا دەکات**

سەردانی فرانسۆ هۆلاند (سەرۆکی پێشووی فەرەنسا) لە ئەیلوولی ٢٠١٤ بۆ هەرێمی کوردستان و پێشوازیکردنی لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی، هەروەها سەردانی ئەمجارەی ئەمانوئیل ماکرۆن لە ٢٩ی ئابی ٢٠٢١ بۆ هەولێر و پێشوازیکردنی لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، وێنایەکی دروست کردووە، کە پێناسەی پێگە و شکۆی هەرێمی کوردستان لەناو سیاسەت و ستراتیژیەتی دەوڵەتێکی گەورەی وەك فەرەنسا دەکات، فەرەنسایەك جیا لەوەی ئەندامی هەمیشەیی (ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی) یە، ئەوا لە ئێستاشدا سەرۆکایەتیی یەکێتیی ئەورووپا دەکات، هەر ئەمەش وایکردووە، تەواوی میدیاکانی جیهان لە سەر ئەم پێگە و شکۆیەی هەرێمی کوردستان پرسیار دروست بکەن و، بپرسن: ئەم بایەخدانە بۆچی؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا گەلێك هۆکاری گرنگ هەن، وەك: (قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش، سەقامگیری و ئاستی ئاوەدانی و پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستان، گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان لەناو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان و.. هتد). بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم بەها و ئاکارە بەرزانە تەنیا لە کوردستان پارێزراون و لە جیهاندا لە مەترسیدان؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پەنا دەبەینەوە بەر یەکێك لە کۆنگرەکانی میوشن بۆ ئاسایشی جیهانی ٢٠٢٠ کە لەژێر ناونیشانی «مەترسیی نەمانی بەها بەرزەکانی ڕۆژئاوا — Westlessness» بەڕێوەچوو، دیاریشە یەکێك لەو بەها بەرزانەی سیستمی سیاسیی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا وەك سیستمێکی لیبراڵ دیموکراتی بە



درێژایی مێژوو شانازییان پێوە کردووە، بریتی بوون لە (فرەکەلتووری و یەکتری قبووڵکردن و پێکەوەژیان، سەروەریی یاسا و پەرەپێدانی بەردەوام، ئاشتیی کۆمەڵایەتی و میانڕۆیی و ڕێگرتن لە توندڕۆیی و...هتد). هەر بۆیە کاتێك هەست بەوە دەکرێت، ئەم بەها گرنگانە کەوتوونەتە بەر مەترسیی جددی و سەرهەڵدانی پۆپۆلیزمی چەپ و ڕاست، ئەوا کۆنگرە ئەمەی ناو لێ نابوو: «کۆتایی ڕۆژئاوا»، بەڵام هەر لەم کۆنگرەیە سەرۆك ماکرۆن لە پەنێڵێکدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نابێت دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و جیهان ڕێگە بەوە بدەن کە ڕووبەڕووی مەترسیی «نەمانی بەها بەرزەکانی ڕۆژئاوا» ببینەوە و تەسلیمی ئەمری واقیعی «کۆتایی ڕۆژئاوا»بین.

فرانسۆ هۆلاند کاتێك لە ساڵی ٢٠١٤ هاتە کوردستان، دوو دیاردەی سەرسوڕهێنەری بینی، کە بە ئێستای فەرەنسای لانکی شارستانیەت نامۆ بوو، یەکەمیان قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگە بۆ تێکشکانی تیرۆریستانی داعش کە لەو کاتەدا جیهان لە ئاستی دەستەوەستان بوو، دووەمیان ئەو دڵفراوانییە گەورەیەی هەرێمی کوردستان بوو، بۆ پێشوازیکردن لە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر، ئەمە لە کاتێکدا هەموو دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا نەیاندەتوانی پێشوازی لە دوو ملیۆن ئاوارەی شەڕی سووریا بکەن.

لە سەردانی ئەمجارەی سەرۆك ئەمانوئیل ماکرۆن و ئاستی ئەو پێشوازییە بەرزەی کە لەلایەن سەرۆك نێچیرڤان بارزانی و هەرێمی کوردستانەوە لێی کرا، هەروەها لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکە لەلایەن نێچیرڤان بارزانی و دانیشتنی ماکرۆن لە تەنیشتیەوە و گەڕان

**لە ڕێوڕەسمی پشکنینی پاسەوانانی شەرەف و لێدانی هەر دوو سروودی نیشتمانی (دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان)، هەروەها بوونی هەردوو ئاڵای عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەمەش پەیامێکی دیکە بوو کە سەرۆک ماکرۆن زۆر مەبەستیەتی، عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵیی بەهێز بێت و، کوردستانیش هەرێمێکی بەهێزی ناو ئەو دەوڵەتە فیدراڵییە بێت**



**یەکتری لە ئامێزکردن و جووڵەی جەستەی هەر دوو سەرۆک، پەیامیکیان دا بە جیهان کە ئەم دوو سەرۆکە تەنیا ئامانجیان پتەوکردنی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماتییەکانی نێوان دوو کیان نییە، بەڵکو ئەوان لە هەوڵی بونیادنان و پتەوکردنی پەیوەندییەکی دۆستانەی بەهێزن لەنێوان هەر دوو گەلی فەرەنسا و کوردستاندا**

بە ناو شەقامەکانی هەولێردا لە نیوەشەو و بەرەبەیانی یەکشەممەدا، پیشاندانی سەقامگیری و ئاسایشی هەولێر و هەرێمی کوردستان بوو، کە ئێستا ٢٤ کاتژمێر ژیان تێیدا بەردەوامە و، پەرەپێدان هەموو سێکتەرکانی گرتووەتەوە و، کوردستان بووەتەماڵی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان، کە دیارە ئەم ژینگە ئارامەی هەولێر، بە ئێستای پاریس نامۆیە، هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی سیاسەت و لۆژیکی سەرۆك بارزانی بووە، کە ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك ئەندازیارێکی لێهاتوو زیرەکانە تەرجەمەی دەکات.

### ● پێکەوەژیان و تەبایی سیاسی لە کوردستان وێنای یەکەمی ڕێورەسمی پێشوازییەکە

سەرۆك ماکرۆن بە تەینا وەك سەرۆك کۆماری فەرەنسا سەردانی هەرێمی کوردستانی نەکرد، بەڵکو بە یاوەریی شاندێکی گەورە کە نوێنەرایەتیی تەواوی گەلی فەرەنسای دەکرد، لە بەرامبەردا نێچیرڤان بارزانی تەنیا وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی نەکردن، بەڵکو وەك سەرۆك و نوێنەرایەتیی تەواوی گەلی کوردستان پێشوازییان لیێ کردن و، وێنەکان بەم جۆرە پەیامی خۆیان ڕاگەیاند:

١- لەسەر ئاستی تیمی پێشوازیی یاوەری نێچیرڤان بارزانی، هەر دوو تیمی پێشوازیی سەرۆکایەتیی هەرێم بە ئامادەبوونی هەر دوو جێگری سەرۆك، هەروەها تیمی حکومەت کە تەواوی لایەنە جیاوازەکانی بەشدار لە حکومەتی لە خۆ گرتبوو، پیشاندانی ئەو تەباییە سیاسییە بوو، کە ئێستا لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی عێراق بوونی نییە، پەیامێك بوو کە حوکمڕانیی باش پێویستی بە تەبایی سیاسی و پێکەوە کارکردنە.

٢- لە ڕێوڕەسمی پشکنینی پاسەوانانی شەرەف و لێدانی هەر دوو سروودی نیشتمانی (دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان)، هەروەها بوونی هەردوو ئاڵای عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەمەش پەیامێکی دیکە بوو کە سەرۆك ماکرۆن زۆر مەبەستیەتی، عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵیی بەهێز بێت و، کوردستانیش



هەرێمێکی بەهێزی ناو ئەو دەوڵەتە فیدراڵییە بێت، ئەمە دڵنیاکردنەوەی سەرۆک ماکرۆن بوو کە هەرێمی کوردستان هاوسەنگ لەگەڵ سیاسەت و یاسای نێودەوڵەتی، هەمان ئامانجی هەیە کە سەردەمی شەڕ و کاولکاری لە عێراقدا کۆتایی پێ بێت و، قۆناخی پێکەوەژیان و ئاوەدانکردنەوە لە عێراقدا دەست پێ بکاتەوە.

٣- ڕیزبوونی نوێنەرانی تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکانی کوردستان لە هاوشانی پاسەوانانی شەرەف و هەر یەکەیان بە جلوبەرگی خۆیانەوە، پەیامێکی دیکەی گرنگ بوو، پیشانی سەرۆکی فەرەنسا درا، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر پاسەوانانی شەرەف هێما بن بۆ سەروەریی و شکۆی هەرێمی کوردستان، ئەوا هاوشانی ئەو هێمایە، بوونی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان، نەک تەنیا جێگەی شانازین بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو سەرچاوەی هێز و شکۆی هەرێمی کوردستان لەو پێکەوەژیان و لێبوردەییەوە بەرجەستە بووە.

٤- یەکتری لە ئامێزکردن و جووڵەی جەستەی هەر دوو سەرۆك، پەیامیکیان دا بە جیهان کە ئەم دوو سەرۆکە تەنیا ئامانجیان پتەوکردنی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماتییەکانی نێوان دوو کیان نییە، بەڵکو ئەوان لە هەوڵی بونیادنان و پتەوکردنی پەیوەندییەکی دۆستانەی بەهێزن لەنێوان هەر دوو گەلی فەرەنسا و کوردستاندا.

● **لێکچوونێك لە نێوان سەردانەکەی ماکرۆن و سەردانی پێشتری پاپای ڤاتیکاندا**

پاپا فرانسیس کە نوینەرایەتیی زیاتر لە دوو ملیار کریستیان لە جیهاندا دەکات، کاتێك سەردانی عێراقی کرد، هەرێمی کوردستانی کردە وێستگەی دووەمی سەردانەکەی و، هەر لە هەولێریشەوە سەردانی پارێزگای نەینەوا و شاری مووسڵی کرد و، پاشان گەڕایەوە و هەولێری کردە وێستگەی یەکەم بۆ ئەنجامدانی نوێژی قەداسەتی گەورە لە یاریگای فرەنسۆ هەریری لە هەولێری پایتەختی کوردستان. پاپا لە چوارچێوەی ئەم سەردانەی بۆ هەرێمی کوردستان ئەو پەیامەی بە جیهان ڕاگەیاند، لە

**وەک لە بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩١یشدا هاتووە، کوردستان دەبێت نەوایەکی ئارامی هەبێت و، هەوڵەکان بەردەوام بن بۆ ئەوەی بە شێوازێکی ئاشتییانە کێشەکانی کوردستان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێن**

هەر شوێنێك ئارامی و سەقامگیری و پێكەوەژیان و لێبوردەیی هەبێت، نوێژی قەداسەتی گەورە لەوێ دەكرێت و، فاتیكان دۆستی ئاشتی و سەقامگیری و پێكەوەژیان و لێبوردەییە و ڕێزی لێ دەگرێت.

سەردانی ئەمجارەی ئەمانوئیل ماكرۆنی سەرۆكی فەرەنساش، پاش ئەو هەوڵە چڕ و پڕانە هات كە لە سەرەتای ئەمساڵەوە فەرەنسا و شەخسی ماكرۆن سەرقاڵی ئەوەن كۆنگرەیەكی هەرێمی بۆ پشتگیریی ئاوەدانكردنەوە و سەقامگیری گرێ بدرێت. سەرۆك ماكرۆن بۆ ئەنجامدانی ئەم كۆنگرەیە، نوێنەرایەتیی ئەمریكا و یەكێتیی ئەورووپا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی تیرۆریستانی پێ دراوە، هەر بۆیە سەرۆك بایدن دوای تەواوبوونی كۆنگرەكە دەستخۆشی لە هەوڵەكانی ماكرۆن دەكات و، جەخت لەسەر بەهێزكردنی پەیوەندییەكانی نێوان بەغدا و هەولێر دەكاتەوە، هەر بۆیە ئەگەر وێستگەی یەكەمی سەردانەكەی ماكرۆن-یش بەغدا بێت بۆ بەشداری لە كۆنگرەی هەرێمی لەسەر عێراق، ئەوا وێستگەی دووەمی سەردانەكەی هەولێرە و لە هەولێریشەوە سەردانی شاری مووسڵ دەكات و، پاشان دەگەڕێتەوە و لەگەڵ سەرۆك بارزانی و سەرۆكی هەرێمی كوردستان كۆبوونەوەی تایبەت دەكات و، كۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی گرێ دەدات، پاشان لە هەولێرەوە بەرەو پاریس دەگەڕێتەوە.

## ● هەرێمی كوردستان وەك كلیلی سەقامگیریی عێراق لە سیاسەتی فەرەنسادا

كاتێك باس لە مێژووی دامەزراندنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی كوردستان دەكەین، ئەوا ناكرێ باس لە هەوڵە گەورەكانی فەرەنسا نەكەین، بەتایبەتی كە دوای كۆڕەوە مێژووییەكەی بەهاری ١٩٩١ هەوڵی گەورە و گرنگی فەرەنسا بووە هۆكاری ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ بۆ دامەزراندنی نەوای ئارام لە سەرووی هێڵی ٣٦ بۆ كوردستان دەربكات. ئەگەر ئەم نەوا ئارامە نەبوایە، ئەوا نەدەتوانرا هەنگاو بۆ هەڵبژاردنەكانی ١٩٩٢ هەڵبگیرێت و، پاشان پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان دابمەزرێن، ئەم ڕاستییە لای گەلی كوردستان بە وەفاداری وەڵام دراوەتەوە و، جوانترین شەقامی پایتەخت لە ناوی (فرانسۆ میتران)ـەوە ناو نراوە.

وەك لە بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩١یشدا هاتووە، كوردستان دەبێت نەوایەكی ئارامی هەبێت و، هەوڵەكان بەردەوام بن بۆ ئەوەی بە شێوازێكی ئاشتییانە كێشەكانی كوردستان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بكرێن.

لە سەروبەندی ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق لە كۆتاییەكانی ساڵی ٢٠٠٢، دیسان فەرەنسا ڕۆڵێكی كاریگەری هەبووە بۆ كۆكردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق و بونیادنانەوەی عێراقێكی فیدراڵی و چارەسەركردنی كێشەی كورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا، لەمەشیاندا وەڵامدانەوەی سەركردایەتیی سیاسیی كوردستان ئەوە بوو كە زۆر چالاكانە بەشداریی پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق و نووسینەوەی دەستووریان كرد، بۆ ئەوەی عێراق لە شەڕ و كاولكارییەوە، بەرەو ئاوەدانكردنەوە و پێكەوەژیان هەنگاو هەڵبگرێت.

لە ساڵی ٢٠١٠ و بۆ پشتگیریی هەنگاوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بونیادنانی دیموكراتی و پەرەپێدانی بەردەوام و لێبوردەیی و پێكەوەژیان، حكومەتی فەرەنسا پرۆژەی هاوبەشی لێكتێگەیشتنی هاوبەشی لەگەڵ هەرێمی كوردستان دەست پێ كرد و، هەماهەنگی و هاریكاریی فەرەنسا لە هەموو بوارەكان ڕاگەیەندرا و، لەمەش زیاتر هەولێر بوو بە دەستەخوشكی پاریس.

لەگەڵ دەستپێكی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی كوردستان، دەوڵەت و حكومەتی فەرەنسا پێش هەر دەوڵەت و حكومەتێكی دیكە هاتنە سەر خەت و گوشاریان كرد بۆ ئەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش دابمەزرێت و، ئەم هاوپەیمانییەش هاریكارییەكی گەورەی هێزی پێشمەرگەی كرد، تەنانەت سەرۆك فرانسۆ هۆلاند خۆی سەردانی هەولێری كرد و، لەگەڵ سەرۆك بارزانی بەرەكانی شەڕی دژی داعشیان بەسەر كردەوە و، پشتیوانیی خۆی بۆ هێزی پێشمەرگەی كوردستان پیشان دا.

**لە سەروبەندی ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق لە كۆتاییەكانی ساڵی ٢٠٠٢، دیسان فەرەنسا ڕۆڵێكی كاریگەری هەبووە بۆ كۆكردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق و بونیادنانەوەی عێراقێكی فیدراڵی و چارەسەركردنی كێشەی كورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا**



لـە دوای کارەسـاتی ١٦ی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧ و گەلەکۆمەکیـی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی بـۆ لەباربردنـی قـەوارەی سیاسـیی هەرێمـی کوردسـتان، جارێکـی دی فەرەنسـای سـەردەمی ئەمانوئیـل ماکرۆن هەڵوێسـتی جوامێرانـەی خۆی خسـتەڕوو و بـە داوەتـی فەرمـی لـە کۆشـکی ئەلیزێـە پێشـوازی لـە نێچیرڤـان بارزانـی (کـە ئـەوکات سـەرۆك وەزیرانـی کابینـەی هەشـتەم بـوو) و قوبـاد تاڵەبانـی جێگـری سـەرۆك وەزیـران کـرد، بەمـەش دەروازەیەکـی کـردەوە بـۆ ئـەوەی ئـەو گەمارۆیانـە لەسـەر کوردسـتان هەڵبگیرێـن کـە بەسـەر هەرێمـدا سـەپێندرا بـوون.

لـە دوای خۆپیشـاندانەکانی تشـرین لـە بەغـدای پایتەخـت و پاشـانیش ناچارکردنـی عـادل عەبدولمەهـدی سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق بـە دەسـت لەکارکێشـانەوەی، فەرەنسـا جارێکـی دیکـە ڕۆڵـی خـۆی خسـتەوە کار بـۆ ئـەوەی کۆنگرەیـەك ببەسـترێت و لـە ڕێگەیـەوە کێشـەکانی پرۆسـەی سیاسـیی عێـراق چارەسـەر بکریـن، ئـەم هەوڵەشـی کـە لـە یـەك دوو ڕۆژی ڕابـردوو بـە سـەرکەوتنی کۆنگرەکـە کۆتایـی هـات.

پەیامـی ئـەم جارەی سـەردانەکەی ئەمانۆئیـل ماکـرۆن بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، جیـا لـەوەی دووپاتکردنـەوەی پشـتیوانی و هاریکاریـی حکومەتـی فەرەنسـایە بـۆ حکومـەت و گەلـی کوردسـتان، لـە هەمانکاتیشـدا بـە سـەردانی بـۆ ماڵباتـی شـەهید هوجـام سـورچی کـە بـە شـێوەیەکی زۆر دڕندانـە لەلایـەن تیرۆریسـتانی داعشـەوە شـەهید کـرا، هـەر بـە خـۆی نووسـینی پەیامێکـە لەسـەر ئـەو تابلۆیـەی شـەهید هوجـام سـورچی کـە بـە خوێنـی خـۆی نەخشـاندوویەتی و، سـەردانەکەی پێمـان دەڵێـت: ئـەوەی ئێـوە بـە خوێنـی خۆتـان بـە دەسـتتان هێنـاوە، ئێمـە نـەك بـۆ ئێسـتا، بەڵکـو بـۆ نەوەکانـی داهاتـووش دەیپارێزیـن.

**لە ساڵی ٢٠١٠ و بۆ پشتگیریی هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بونیادنانی دیموکراتی و پەرەپێدانی بەردەوام و لێبوردەیی و پێکەوەژیان، حکومەتی فەرەنسا پرۆژەی هاوبەشی لێکتێگەیشتنی هاوبەشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەست پێ کرد و، هەماهەنگی و هاریکاریی فەرەنسا لە هەموو بوارەکان ڕاگەیەندرا و، لەمەش زیاتر هەولێر بوو بە دەستەخوشکی پاریس**

### بێ سەروبەری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

# ستراتیژیەتی تازەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کشانەوەی لەناکاو لە ئەفغانستان




ئەرکی ئێمە بنیادنانی نەتەوە، یان پێکهێنانی دیموکراسی نەبوو، بەڵکو بەرگرتن بوو لە هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر خاکمان.

بایدن

لە بڕیاری کشانەوە لە ئەفغاستان ڕۆژی ١٦ی ئابی ٢٠٢١

مێژوو تۆماری دەکات کە ئایا ئەمە بڕیارێکی لۆژیکانە و عەقڵمەندانە و دروست بوو، یان نا، کاتێکیش ئەمە کۆتایی دێت، تێگەیشتنێکی ڕوون دەربارەی ئەوەی کردوومە و بۆچی کردوومانە، لای ئەمریکییەکان ڕوون دەبێتەوە.

کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی لە کۆشکی سپی لە ٢٢ی ئابی ٢٠٢١



# پ.د. شێرزاد نەجارِ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

**• بەرایی: شکستی پرِۆژەی ئەمریکا**

دروشم گەل دروست ناکات، هەروەها دیموکراسی و بەهاکانی رِۆژئاواش بە زەبری هێز دانامەزرێن، یان بە شێوە پەیکەربەندی کە بە گەندەڵی دەژین، چونکە زۆر درێژە ناکێشێت.

مەبەست لەو بەراییە بیرهێنانەوەیە بەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە دەیان تەحەددیی گەورەی سیاسیدا تێپەرِیوە، لە یەکێکیاندا دوو بۆمبی ئەتۆمی دژی ژاپۆن بەکار هێنا، بەڵام واشنتۆن ئەوەندە نەهەژاوە بەقەد ئەوەی کە لەم رِۆژانەی دواییدا هەژا، ئەوەش دوای هەرەسهێنانی سیستەمی حوکمرِانی لە ئەفغانستان و، جارێکی دیکە کۆنترِۆڵکردنەوەی ئەو وڵاتە لەلایەن تاڵیبانەوە.

گەرِانەوەی تاڵیبان بۆ حوکم سوپرایسێك نەبوو، بەڵام سوپرایسەکە لە خێرایی گرتنە دەستی جڵەوی کاروبار و کۆنترِۆڵکردنی کابول و کۆشکی کۆماری و رِووبەرێکی فراوانی ئەو وڵاتەدا بوو.

مایەی سەرسورِمانە پێش ١٩ ساڵ گۆڤاری «Time»ی ئەمریکی لە بەرگەکەیدا وێنەی پیاوێکی ئەفغانیی بڵاوکردبووەوە، کە پۆشاکێکی ئاسایی لەبەردابوو، لەگەڵ ناونیشانێکی بەرچاو (دوا رِۆژەکانی تاڵیبان)، بەڵام دوای ١٩ ساڵ سەرلەنوێ تاڵیبان گەرِایەوە حوکم!

بۆیە رِۆژنامەنووس داود فەرحان لە رِۆژنامەی شەرقولئەوسەت دەپرسێت: چی لە نێوان دوێنێی دوور و دوێنێی نزیك رِووی دا؟ فەرحان خۆی بە وەڵامدانەوەکە ماندوو نەکرد و، بۆ رِۆژنامەگەریی ئەمریکای بەجێ هێشت.

رِۆژنامەی (Tagesanzeiger)ی سویسری پێی وابوو کە کاروبار لە ئەفغانستان گەیشتە ئەو رِاددەیە، کە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە گرنگترین هۆ ئەوەیە کە USA و هاوبەشەکانی لە کابول (بە درێژایی ٢٠ ساڵ لە مەزەندەکردنی کاریگەرییان لە ئەفغانستان زۆر زێدەرِۆ بوون) لەوەتەی ساڵی ٢٠٠١ ـەوە ئەوانە پارەیەکی زۆریان بۆ بنیادنانی هێزە ئەمنییەکان تەرخان کرد، بۆیە حکومەتی سەرۆك بایدن ئەگەری ئەوەی دانا، کە ئەو کارە لانیکەم ساڵێك و نیوی بۆ تاڵیبان پێویستە، تا بگەرِێنەوە دەسەڵات.

هەروەك بینیمان ئەو ئیشە تەنیا هەفتەو نیوێکی خایاند، دواجار کاریگەرییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە لاواز بوون، رِۆژنامەی «Frankfurter Allgeme-ine Zeitung»ی ئەڵمانی نووسیویەتی: «رِۆژئاوا بە لووتبەرزییەوە لە ئەفغانستان مامەڵەی کردووە» رِۆژئاوا بە تایبەتیش USA، نوقمی قەیرانێك ببوون، هەرچەند ماوەی مانەوەی هێزەکەی درێژەی بکێشایە پشتبەستنی حکومەتی ئەفغانی بەو هێزانە زیاتر دەبوو. کاتێکیش هێزەکەی کشاندەوە، ئەو قەوارە لەرزۆکەی حکومەتی ئەفغانستان هەرەسی هێنا، ئەمەش تەنیا (شکست) بوو.

بەڵام رِۆژنامەی «Sueddeutsche Zeitung»ی ئەڵمانی پێی وابوو کە USA کەموکورِیی لە رِاستگۆیی و پابەندبووندا هەیە، دەیویست بەهاکانی و کۆنترِۆڵی

**دروشم گەل دروست ناکات، هەروەها دیموکراسی و بەهاکانی رۆژئاواش بە زەبری هێز دانامەزرێن، یان بە شێوە پەیکەربەندی کە بە گەندەڵی دەژین، چونکە زۆر درێژە ناکێشێت**

**مایەی سەرسورمانە پێش ١٩ ساڵ گۆڤاری «Time»ی ئەمریکی لە بەرگەکەیدا وێنەی پیاوێکی ئەفغانیی بڵاوکردبووەوە، کە پۆشاکێکی ئاسایی لەبەردابوو، لەگەڵ ناونیشانێکی بەرچاو (دوا رۆژەکانی تاڵیبان)، بەڵام دوای ١٩ ساڵ سەرلەنوێ تاڵیبان گەرایەوە حوکم**

خۆی بسەپێنێتە سەر یەکێك لە سەختترین ناوچەی جیهان، بەڵام دواتر شکستی هێنا، ئەمەش بە هۆی ئەگەرە هەڵەکان و کەمیی توانای بەرگەگرتنەوە بوو.

ڕۆژنامەی «Politiken»ی دانیمارکی دوودڵە لە قسەکردن و دەنووسێت (USA) لەوەتەی شەڕی ڤێتنامەوە تووشی ئەو جۆرە شکستە نەبووە، ئەفغانستان گەورەترین شکستە بۆ درێژترین شەڕ، کە زلهێزێك لە ماوەی ئەو هەموو سەردەمەدا بیکات.

بەڵام ڕۆژنامەی «The Times»ی لەندەنی پێی وابوو پێویستە (بەرگری لە نموونەی ڕۆژئاوا بکرێت) و دەشپرسێت: (پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە: لێکەوتەکانی دوای ئەمە چین سەبارەت بە هیوای ڕۆژئاوا لە مانەوە لە سەردەمی ڕکابەریی نێوان زلهێزەکاندا؟)، ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە چینییەکان بە پەرۆشەوە باس لەوە دەکەن، کە ئەفغانستان لە کۆنەوە بە گۆڕستانی ئیمپراتۆرییەتەکان ناسراوە، کشانەوەی ڕووسیا لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئەفغانستان، دواتر هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەتی بەدوادا هات، ڕۆژنامەکە دەشڵێت: ئەگەر ئەمریکا بیەوێت لە ڕێی ڕکابەریکردن لەگەڵ چیندا، کە بەهێزترین نەیاریەتی خۆی بسەپێنێت، ئەوا پێویستە لەسەری کە هاوپەیمان و هاوبەشەکانی قایل بکات، بەوەی کە نموونە ئابووری و سیاسییەکەی شایانی ئەوە نییە کە بە تەنیا ئەمریکییانە بەرگری لێ بکرێت، بەڵکو ئەورووپاش ئامادەیە بەرگریی لێ بکات.

بەڵام گۆڤاری «The Economist» ئاماژەی بەو زیانانە کردووە کە ئەمریکا لە ئەفغانستان لێی کەوتووە، بە شێوەیەك لە ماوەی بیست ساڵی دواییدا دوو تریلیۆن دۆلاری خەرج کردووە، هاوکات زیاتر لە دوو هەزار سەربازی ئەمریکی و ڕێژەیەکی بێ شوماری ئەفغانییش کوژراون، لە کۆتاییدا ئەوەتا تاڵیبان کۆنترۆڵی وڵاتەکە دەکات، زیاتر لەوەی کە پێش لەدەستدانی دەسەڵات لەژێر دەستیدا بوو، هەروەها چەکێکی زۆریشی دەست کەوت لەوەی کە ئەمریکا بە سوپای ئەفغانستانی دابوو.

بۆیە ڕۆژنامەنووس مەحموود وەرواری لە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت پرسیار دەکات سەبارەت بە شکستی پرۆژەکەی ئەمریکا، هەروەها کۆنترۆڵکردنەوەی کابول لەلایەن تاڵیبانەوە بە هەموو ئەفغانستانیشەوە، بیرۆکەی شکستی ئەمریکا تێدەپەڕێنێت، وەك دەوڵەتێکی گەورەو بەهێز لە جیهاندا لە وڵاتێکی بچووکی نقوومبوو لە شکست، پێوانەکە بۆ بەراوردکردن کەموکورتە لە نێوان شەڕکەرەکاندا، سەرەڕای ئەمەش ئەنجامەکە دیارە، گەورەترین دەوڵەت لە جیهاندا کشایەوەو دوای بیست ساڵ لە ئەزموون و تاقیکردنەوەو دەرفەت شکستی هێنا، دەریش کەوت کە نموونەی دیموکراسیی لیبراڵیی ئەمریکا نموونەیەکە، کاتێ لەسەر ئەرزی واقیع تاقی کرایەوە، شکستی هێنا.

نموونەی لیبراڵیی ئەمریکا کە لە گۆڕانکاریدا پشت بە زەبری هێز دەبەستێت و ناتوانێت سەربکەوێت، یان سوودی نییە بۆ ئەوەی دیکتاتۆرییە لۆکاڵییەکان بڕووخێنێت، تا دیکتاتۆریگەلی دیکە شوێنیان بگرنەوە.

گۆڕینی نەتەوەکان کە نەچوونەتە ژێر باری جێبەجێکردنی نموونەکەی ئەمریکا، ناتوانێت نەتەوەگەلی دیکە بەرهەم بهێنێت، کە لەسەر پێوانەی دیموکراسیی ئەمریکا بن، بەڵکو نەوەیەکی تۆڵەکەرەوە بەرهەم دێنێت.

دوای بیست ساڵ دیارە کە شکست پشکی ئەمریکا بوو، دوای بیست ساڵ تا ئێستا عێراق نوقمی قەیرانەکانیەتی، لەگەڵ هەر کشانەوەیەکی نموونەی ئەمریکا، دەرکەوتنێکی نموونەی دیکە بەرامبەری دەبێت، لەگەڵ کشانەوەی ئەمریکییەکان لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ ئەو بۆشاییە بەم شێوەیە بەجێ نەهێڵدرا، بەڵام ڕێکخراوی داعش و ڕژێمێکی پەڕگیری ژێر کاریگەریی ئێران ئەو بۆشاییەیان پڕ کردەوە، بۆیە لەگەڵ کشانەوەی ئەمریکییەکان لە ئەفغانستان بزووتنەوەی تاڵیبان ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە.

توێژەر لە پەیمانگەی برۆکینز، شادی حامید، لە The Atlantic وتارێکی نووسیوە بە ناونیشانی: ئەمریکییەکان وەك تاڵیبان لە ئەفغانستان تێنەگەیشتن، کە دەڵێت: «لە کۆتاییدا ژمارەیەکی کەمی ئەفغانییەکان بڕوایان بە حکومەتێکی ناوەند هەیە، کە هەرگیز هەستیان نەکردووە کە حکومەتی ئەوان بێت».

هەرگیز USA لە ئەفغانستان تێنەگەیشتبوو، پلاندانەرێژەرانی ئەمریکایی پێیان وابوو کە ئەوان دەزانن ئەو وڵاتە چی پێویستە، کە بە تەواوی وەك ئەوە نەبوو کە گەلەکە دەیویست، سیاسەتی ئەمریکا بە وەهم ڕێنوێنی دەکرد، گرنگترینیان بیرۆکەی لەناوبردنی تاڵیبان بوو، هەروەها دەکرێ تەواوی کولتوورەکە لەم پرۆسەیەدا بگۆڕێت.

ئەمریکا بە ئاشکرا تاڵیبانی پێ خراپ بوو، دانانی گرووپێگ بە خراپ، واتا دەرهاویشتنی لە زەمان و مێژوو، بەڵام ئەمە بۆچوونێکی تایبەتمەندە، ژیان لە دیموکراسیدا بە سەلامەتییەکی بنەڕەتی ڕێگە بە هاووڵاتیان دەدات بڕواننە ئاستی باڵا، ڕووبەڕووی بێ ئومێدی دەبنەوە، تەنانەت لە بوونی حکومەتێکی تا ڕادەیەك باشیش، چونکە پێشبینیی زیاتری لێ دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا لە دەوڵەتانی شکستخواردوو و لە جەرگەی شەڕی ناوخۆدا، پرسیارە بنەڕەتییەکان پەیوەستن بە سیستەم و پاشاگەردانی، هەروەها چۆنێتیی دەستکەوتنی زیاتر لە یەکەم و کەمتر لە دووەم.

تاڵیبان ئەوەی زانیوە، دوای ئەوەی لە ساڵی

> **گۆڤاری «The Economist» ئاماژەی بەو زیانانە کردووە کە ئەمریکا لە ئەفغانستان لێی کەوتووە، بە شێوەیەک لە ماوەی بیست ساڵی دواییدا دوو تریلیۆن دۆلاری خەرج کردووە، هاوکات زیاتر لە دوو هەزار سەربازی ئەمریکی و ڕێژەیەکی بێ شوماری ئەفغانییش کوژراون**

> **دەرکەوت کە نموونەی دیموکراسیی لیبراڵیی ئەمریکا نموونەیەکە، کاتێ لەسەر ئەرزی واقیع تاقی کرایەوە، شکستی هێنا**

> **گۆڕینی نەتەوەکان کە نەچوونەتە ژێر باری جێبەجێکردنی نموونەکەی ئەمریکا، ناتوانێت نەتەوەگەلی دیکە بەرهەم بهێنێت، کە لەسەر پێوانەی دیموکراسیی ئەمریکا بن، بەڵکو نەوەیەکی تۆڵەکەرەوە بەرهەم دێنێت**

٢٠٠١ دەسەڵاتی لە دەست چوو، ڕێکخراوەکە لاواز بوو، ڕووبەڕووی گورزی ئاسمانیی وێرانکەر دەبووەوە، کە سەرکردەکانی دەکردنە ئامانج، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا زەمینەیەکی بۆ خۆی دانا و ڕەگ و ڕیشەی لەناخی کۆمەڵگە ناوخۆییەکاندا داکوتا. حکومەتەکەی ئەفغانستان کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی دەکرد، تەنیا بە هۆی تاڵیبانەوە شکستی نەخوارد، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە بەهۆی کوێرە خاڵ و لایەنگیریی ئەمریکاوە ساتمەی کرد، ئەمریکا پێی وا بوو کە دەسەڵاتی مەرکەزیی بەهێز چارەسەرە بۆ کێشەکانی ئەفغانستان و پاڵپشتیی لە دەستوور کرد، کە دەسەڵاتی فراوان بە سەرۆک دەدات، ئەمەش لەپاڵ سیستەمی پڕ لە پەنا و پێچ و سەقەتی هەڵبژاردندا بووە هۆی ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی حزبە سیاسییەکان و پەرلەمان، دەوڵەتی بەهێز پێویستی بە دامەزراوەگەلی فەرمیی بەهێز هەیە، ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆر دڵسۆزانە پشتگیریی دادگاکان و شێوازە هاوشێوەکانی کرد، لە هەمان کاتدا لەمیانی بەرەوپێشبردنی بەرنامەکاندا داوای نارەزایی کرد، کە مەبەست لێی گەڕاندنەوەی ئەندازەی کولتووری ئەفغانی و دابونەریتە ڕەگەزئامێزەکانە.

ئەم هەموو ئەگەرانە ملهوڕیی هێزە ڕۆژئاواییەکانی پێچەوانە کردەوە، کە پێیان وابوو دابونەریتە ئەفغانییەکان لەمپەرە و پێویستە بەسەریدا زاڵ بن، کاتێك ڕوون بووەوە کە ئەو دابونەریتانە شادەماری ژیانە بۆ کولتووری سیاسی لە وڵاتدا، لە کۆتاییدا ژمارەیەکی کەم لە ئەفغانییەکان بڕوایان بە حکومەتێك هەیە، کە هەرگیز هەستیان نەکردووە ئەمە حکومەتی ئەوان بێت، یان حەزبکەن ڕۆتینی بیرۆکراسی تێپەڕێنن، ئەوان بەردەوام بوون لە پەنابردن بۆ چارەسەری کێشە نافەرمییەکان لە ڕێی کۆمەڵگە و کەسایەتییە لۆکاڵییەکانەوە، کە بڕوایان پێیان هەیە، ئەمەش دەرگای واڵاکرد تا تاڵیبان زۆر بە هێواشی بگەڕێتەوە.

## ● سرووشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

زۆربەی توێژەران لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا سرووشتی ئەو پەیوەندییانە بەوە دیاری دەکەن، کە بریتییە لە ململانێ لەسەر دەسەڵات و بەرژەوەندیی پەیوەست بە ژینگەی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەوانەش پرۆفیسۆر هانس مۆرگنساو Morgenthau لە کتێبە ناودارەکەیدا (سیاسەت لە نێوان نەتەوەکاندا Politics among Nations)، باس لەوە دەکات، کە ڕاستییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی ملکەچی گۆڕانکاریی بەردەوامن، هەروەها کاروباری جیهان زۆر جار لە دووتوێی خۆیدا سوڕپرایسی زۆر دەشارێتەوە، بۆ ئەو کەسەی هەوڵ دەدات لەبەر ڕۆشنایی ئاشنابوونی بە ڕابردوودا ئایندە بخوێنێتەوە، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگە و نیشانانەی کە (ئێستا) هەیەتی، هاوکات ئەو ئاڵۆزییەی لە کاروباری نێودەوڵەتیدا هەیە، چارەسەرە ئاسانەکان و پێشبینییە ڕاستەکان بەردەست نابن.

ئاشنابوون بەو هێزانەی بڕیار لە سیاسەتی نێوان نەتەوەکان دەدەن، هەروەها ئەو ڕێگایانەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی تێدا دەردەکەوێت، ڕاستییەکانی پەیوەست بە سیاسەتی نێودەوڵەتی تێدا ڕوون نین، دژە ئاراستە و ناکۆکەکان لە هەر دۆخێکی سیاسەتدا دیار دەبێت، بەڵام یەکێك لەو ئاراستانە لەسایەی بارودۆخێکی دیاریکراودا هەر دەبێ سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئەستەمە مرۆڤ پێشبینی بکات کامە ئاراستە سەرکەوتوو دەبێت، باشترین شتیش کە توێژەر بیکات لەم بارودۆخەدا، ئەوەیە کە بەدواداچوون بۆ ئاراستە جیاوازەکان بکات، کە ڕەنگە لە سایەی دۆخێکی سیاسیی دیاریکراودا دەربکەوێت، کە ئەمە دەتوانێت هەموو دۆخە جیاوازەکان دەربخات، کە ڕەنگە یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا سەربکەوێت، دواجار ئەگەرەکانی هەموو دۆخ و ئاراستەکان هەڵبسەنگێنێت، کە دەبێت لە واقیعدا هەبن.

لەوەتەی شەڕی سارد کۆتایی هاتووە، بە ڕووخانی دیواری بەرلین لە ١٩٨٩ و دەرکەوتنی ئەمریکا وەك تاکە زلهێزێك، لەو کاتەوە هاوسەنگییەك لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەدی ناکرێت، بەڵام دوای ئەوەی چین و ڕووسیا پێشکەوتنی ئەمریکییان ڕەت کردەوە، نیشانەکانی دامەزراندنی ئەو هاوسەنگییە دەرکەوت، هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش چیدیکە بەرگەی حاڵەتی بە بنبەست گەیشتنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ناگرێت، لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەمریکا وەك تاکە زلهێزێك کە لە دۆخێکی دەسەڵاتخوازیدا دەژی، بەڵکو هەندێ بۆچوون هەن سەبارەت بەوەی کە سەنتەری نەخشەی جوگرافیی سیاسیی جیهان بەرەو ئاسیا ببرێت.

کەواتە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا ئێستا لە دۆخێکی ململانێدا دەژی لە نێوان تاکە زلهێزدا کە ئەمریکایە و، لەنێوان هێزە گەورەکان( بەتایبەتیش چین و ڕووسیا) لەسەر دەسەڵات و هێز و هەوڵی بیناتنانی ئاشتیی نێودەوڵەتی، کشانەوەی لەناکاوی ئەمریکا لە ئەفغانستان شێوەیەکە لە شێوەکانی ململانێی نێودەوڵەتی بۆ کۆنترۆڵکردن و دەسەڵاتخوازی.

## ● ستراتیژیەتی تازەی USA

جوزیف نای Nye،Jr. پرۆفیسۆری ناوداری ئەمریکی لە زانکۆی (دێرنی هارڤارد) لە تازەترین نووسینیدا ئاماژە بۆ ئاراستەی USA دەکات، سەبارەت بە گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی تازە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بیرۆکەکەی لەمەدا کورت دەکاتەوە:

**لەوەتەی شەڕی سارد کۆتایی هاتووە، بە ڕووخانی دیواری بەرلین لە ١٩٨٩ و دەرکەوتنی ئەمریکا وەک تاکە زلهێزێک، لەو کاتەوە هاوسەنگییەک لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەدی ناکرێت**

**کشانەوەی لەناکاوی ئەمریکا لە ئەفغانستان شێوەیەکە لە شێوەکانی ململانێی نێودەوڵەتی بۆ کۆنترۆڵکردن و دەسەڵاتخوازی**

**دۆخەکە لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەخوازێت ستراتیژیەتێک پەرە پێ بدەن، کە هەوڵ نەدات سەرکەوتنی تەواو بەسەر هەر هەڕەشەیەکدا بەدەست بهێنێت**

لە میانی شەڕی سارددا، ستراتیژیەتی گەورەی ئەمریکا زیاتر جەختکردنەوە بوو لەسەر ئیحتیواکردنی هێزی یەکێتیی سۆڤیەت، دوای سەرهەڵدانی سیستەمی تازەی جیهان و دوای هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ١٩٨٩-١٩٩٢ و سەرکەوتنی چین لە ئێستادا وەك هێزێکی تازەی جیهانی، دۆخەکە لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەخوازێت ستراتیژیەتێك پەرە پێ بدەن، کە هەوڵ نەدات سەرکەوتنی تەواو بەسەر هەر هەڕەشەیەکدا بەدەست بهێنێت، بەڵکو لەجیاتی ئەوە هەوڵی ڕکابەرییەك بدات، کە ڕێگە بە هاریکاری و کێبرکێ بدات، لە چوارچێوەی سیستەمێکدا کە لەسەر چەند بناغەیەك دامەزرابێت.

دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١، ئیدارەی سەرۆکی ئەمریکا (جۆرج دەبلیو بوش) هەوڵی دا کار بە ستراتیژیەتێکی تازە بکات، کە ناوی نا «جەنگی جیهان دژی تیرۆر»، بەڵام ئەم ڕێبازە چەندین ڕێنمایی شاردراوەی تێدابوو، سەرەنجام بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی درێژخایەن بە سەرۆکایەتیی USA لە شوێنێکی پەراوێزخراوی وەك ئەفغانستان و عێراقدا، لەوەتەی ساڵی ٢٠١٧ USA جارێکی دیکە دەستی کردەوە بە ڕکابەریی زلهێزەکان، ئەم جارە لەگەڵ چین.

وەك ستراتیژیەتێکی سەرەکیی ئەمریکا، USA ڕکابەریی زلهێزەکان دەکات، بە فۆکس خستنەسەر هەڕەشە سەرەکییەکان بۆسەر ئاسایش و ئابووریی ئەمریکا، لەکاتێکدا تیرۆر کێشەیەکی بەردەوامە و پێویستە USA بە جددی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەڵام هەڕەشەیەکی کەمترە لە زلهێزە ڕکابەرەکان.

دەکرێ ستراتیژیەتی ڕکابەری لە نێوان زلهێزەکاندا یارمەتیی ئەمریکا بدات بۆ جەختکردنەوە لەسەر کێشە ستراتیژییە جەوهەرییەکان، بەڵام دوو کێشەی هەیە:

کێشەی یەکەم: چەندین جۆری جیاوازی حاڵەتەکان پێکەوە کۆ دەکاتەوە، ڕووسیا هێزێکە لە پاشەکشە و چینیش هێزێکی ڕووەو گەشەیە، پێویستە USA دەرك بە تاکە سرووشتی هەڕەشە بکات، کە ڕووسیایە، ئەمڕۆ ڕووسیا لە ڕووی دیمۆگرافی و ئابوورییەوە داڕووخاوە، بەڵام سامانێکی زۆریشی لەبەندەستدایە، کە دەتوانێت وەك گەندەڵییەك لە هەموو شتێکدا بەکاری بهێنێت، هەر لە دانانی سنوورێك بۆ چەکی ئەتۆم و ململانێی سیبرانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە، USA پێویستی بە ستراتیژیەتێکی تازە هەیە کە ڕووسیا نەخاتە باوەشی چینەوە.

**ئەمڕۆ ڕووسیا لە ڕووی دیمۆگرافی و ئابوورییەوە داڕووخاوە، بەڵام سامانێکی زۆریشی لەبەندەستدایە، کە دەتوانێت وەک گەندەڵییەک لە هەموو شتێکدا بەکاری بهێنێت، هەر لە دانانی سنوورێک بۆ چەکی ئەتۆم و ململانێی سیبرانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە، USA پێویستی بە ستراتیژیەتێکی تازە هەیە کە ڕووسیا نەخاتە باوەشی چینەوە**

کێشەی دووەم: بریتییە لەوەی کە چەمکی ڕکابەریی نێوان زلهێزەکان ئاگادارکردنەوەیەکی تەواو دەستەبەرناکات، بۆ جۆرێکی تازەی هەڕەشە کە ڕووبەڕووی دەبینەوە، ئاسایشی نیشتمانی و ئەجێندای سیاسیی جیهانی لەوەتەی ساڵی ١٩١٤ و ساڵی ١٩٤٥ گۆڕاوە، بەڵام ستراتیژییەتی USA ئێستا ئەو هەڕەشە تازانە بەهەند وەرناگرێت، کە لە جیهانبینیی ژینگەییەوە دێن، ئەمە بە تریلیۆنان دۆلار لە گۆڕانی کەشوهەوای جیهانی داوا دەکات، دەکرێ زیانی زۆریش بە قەبارەی شەڕ بگەیەنێت، پەتای COVID- 19 بووە هۆی کوشتنی ژمارەیەکی زۆری ئەمریکییەکان زیاتر لە کۆی شەڕەکانی ئەمریکا، لەوەتەی ساڵی ١٩٤٥ـەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ستراتیژیەتی ئێستای USA دەبێتە هۆی زیادکردنی بوودجەی پنتاگۆن کە ١٠٠ جار زیاترە لە بوودجەی سەنتەرەکانی ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان و خۆپاراستن و، هەروەها ٢٥ ئەوەندەی بوودجەی پەیمانگا نیشتمانییەکانی تەندروستی. لۆرانس سمرز وەزیری پێشووی خەزێنەی ئەمریکا و چەند ئابووریناسێکی دیکەش، بەم دواییە داوایان کرد کە سەندووقێکی جیهانی بۆ هەڕەشەکانی تەندروستیی جیهانی بە بەهای ١٠ ملیار دۆلار دابمەزرێنن، کە ئەمەش بەراورد بە ١٠ تیرلیۆن دۆلار زۆر کەمە کە حکومەت لە قەیرانی COVID-19 زیانی بەرکەوت، لەو کاتەدا، سیاسەتدارێژەرانی ئەمریکا گەنگەشەی چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ چیندا دەکەن، هەندێ سیاسەتوان و شرۆڤەکاران وەسفی دۆخی ئێستا دەکەن کە (شەڕێکی تازەی ساردە)، بەڵام گوشاری چین لەو چوارچێوە ئایدیۆلۆژییەدا ئەو تەحەددییە ڕاستەقینە ستراتیژییەی شێواندووە کە ئەمریکا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، USA و یەکێتیی سۆڤیەت بازرگانیی دووقۆڵی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان هەبوو، کەچی ئێستا USA و هاوپەیمانەکانی بە چڕی بازرگانی لەگەڵ چیندا دەکەن و، بەسەدان هەزار قوتابیی چینی لە زانکۆکانیان وەردەگرن.

**ستراتیژیەتی ئێستای USA دەبێتە هۆی زیادکردنی بوودجەی پنتاگۆن کە ١٠٠ جار زیاترە لە بوودجەی سەنتەرەکانی ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان و خۆپاراستن و، هەروەها ٢٥ ئەوەندەی بوودجەی پەیمانگا نیشتمانییەکانی تەندروستی**

سەرۆکی چین چی جین بینگ، ستالین نییە، سیستەمی چینیش مارکسی لینینی نییە، بەڵکو (بازاڕێکی لینینییە) شێوەیەکە لە شێوەکانی سەرمایەداریی دەوڵەت لەسەر بنەمای تێکەڵەیەکی کۆمپانیا گشتییەکان و تایبەت، کە سەر بە دەستەبژێرێکی ستەمکاری حزبین.

جگە لەمە، ئێستا چین گەورەترین شەریکی بازرگانیی دەوڵەتانی زیاترە لە USA، دەکرێ ئەمریکا مەترسییە ئەمنییەکانی وەك Huawei لە تۆڕی پەیوەندییەکانی G5ی تایبەت بە خۆی جیابکاتەوە، بەڵام هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی هەموو بازرگانییەك لەگەڵ چین، زۆر گران لەسەری دەوەستێت، تەنانەت ئەگەر ئەو هاوبەندییە ئابوورییە بگونجێت، بۆیە ناکرێ پشت بە یەکدی بەستنی دووسەرەی ژینگە داببڕین، کە وابەستەی یاساکانی بایۆلۆژیا و فیزیایە، نەك سیاسەت.

**گوشاری چین لەو چوارچێوە ئایدیۆلۆژییەدا ئەو تەحەددییە ڕاستەقینە ستراتیژییەی شێواندووە کە ئەمریکا ڕووبەڕووی دەبێتەوە**

لەبەر ئەوەی USA ناتوانێت بە تەنیا چارەسەری

گۆڕانکاریی کەشوهەوا، یان پەتاکان بکات، بۆیە پێویستە دەرك بەوە بکات کە هەندێ شێوەی هێز دەبێت لەگەڵ کەسانی دیکە پەیڕەوبکرێت، چارەسەرکردنی ئەم کێشە جیهانییانە پێویستی بەوەیە، کە لەگەڵ چیندا کاربکات، کە لەهەمان کاتدا لەگەڵ کەشتیگەلی دەریایی ڕکابەری دەکات، بۆ بەرگری لە ئازادیی دەریاوانی لە دەریای باشووری چین، بەڵام ئەگەر چین ئەم هاوکارییەی ڕەت کردەوە، ئەوا خۆی ئازار دەدات.

ستراتیژییەتی تازە بۆ ڕکابەریی نێوان زلهێزەکان پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی ورد هەیە، سووکایەتی مایەی لەخۆڕازیبوونە، کەچی زێدەڕۆیی لە هەڵسەنگاندن ترسی لێ دەکەوێتەوە، ڕەنگە هەر یەکێك لەوانە مەزەندەی خراپیان لێ بکەوێتەوە.

چین دووەم گەورەترین ئابوورییە لە جیهاندا، کۆبەرهەمی ناوخۆیی چین (بە نرخەکانی بازاڕ) لە هاوشێوەی خۆی کە ئەمریکایە لە ساڵی ٢٠٣٠ تێدەپەڕێنێت، بەڵام ئەگەر ئەمە ڕوویدا، ئەوا داهاتی تاکی چین کەمتر دەبێت لە چارەکی هاوشێوەکەی کە ئەمریکایە، ئەو وڵاتەش ڕووبەڕووی چەندین کێشەی ئابووری و دیمۆگرافی و سیاسی دەبێتەوە و، تێکڕای گەشەی ئابووری سست دەبێت، بۆیە ئەگەر USA و ژاپۆن و ئەورووپا سیاسەتەکانیان هەماهەنگ کرد، ئەوا هەمیشە وەك بەشێکی گەورەی ئابووریی جیهانی دەمێننەوە و، تواناشیان دەبێت کە سیستەمی ئێستای نێودەوڵەتی لەسەر بناغەگەلێك ڕێك بخەنەوە، کە توانای گەڵاڵەکردنی ڕەفتاری چینی هەبێت، ئەو هاوپەیمانییە کاکڵەی ستراتیژیەتێکە بۆ ئیدارەدانی کێشەی سەرکەوتنی چین.

هەر وەك سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئوسترالیا کیڤین ڕود دەڵێت، ئامانج لە ڕکابەریی زلهێزەکان لەگەڵ چیندا، سەرکەوتنی تەواو نییە بەسەر هەڕەشەی بووندا، بەڵکو ڕکابەرییەکی ستراتیژیی هاریکارییە، ئەمەش وا دەخوازێت ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی خۆیان لە شێواندنی وێنەی چین بەدوور بگرن، پێویستە لەجیاتی ئەوە، سەیری ئەو پەیوەندییە بکەن کە بریتییە لە ڕکابەریی هاریکاری، کە پێوست بەوە دەکات لە هەمان کاتدا گرنگییەکی یەکسان بە هەردوولای وەسفەکە بدرێت. بەپێی ئەو مەرجانە، دەکرێ بە سەرکەوتوویی مامەڵە بکرێت، بەڵام تەنیا ئەگەر زانیمان کە ئەمە ڕکابەریی زلهێزەکان نییە لە سەدەی بیستەمدا.

### ● بڕیاری کشانەوەی لە ناکاو لە ئەفغانستان

ڕیچارد هاس شرۆڤەکاری سیاسیی ئەمریکی لە وتارێکیدا کە لە ٢٠٢١/٨/١٥ سەبارەت بە کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان نووسیویەتی، دەڵێت: کەوتنی خێرای کابول ئاماژەیە بۆ کەوتنی شەرمەزارییانەی سایگۆن لە ساڵی ١٩٧٥دا، لەپاڵ تەگەرە ناوخۆییەکاندا کاری تۆڵەسەندنەوەی بەرفراوان و سەرکوتکردنی توندی ئافرەتان و هاتنی بەلێشاوی پەنابەراندا، شکستی ستراتیژی و ئەخلاقیی ئەمریکا لە ئەفغانستان پرسیاری زیاتر دەورووژێنێت دەرباری میسداقییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەنێوان دۆستان و دوژمنان، بوونی دوو دەیەی سەربازیی ئەمریکا لە ئەفغانستان لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا هەرەسی هێنا، چۆن کار بەمە گەیشت؟

هەندێ جەنگ پێویستن، لەوانەش جەنگی دووەمی جیهان و جەنگی کەنداو ١٩٩٠- ١٩٩١. لەم جەنگانەدا هێزی سەربازی بەکار دێت، چونکە زۆر جار باشترین و تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە گرنگە نیشتمانییەکان، هەروەها جەنگی ئارەزوومەندانەش هەن، وەك جەنگی ڤێتنام و جەنگی عێراق ساڵی ٢٠٠٣، کە کاتێك جەنگ بەرپا دەکات، سەرباری ئەوەی بەرژەوەندییەکان دەکەونە مەترسییەوە، کەمتر لە بەرژەوەندییە گرنگەکان و ئامرازی ناسەربازییان تێدا بەکار دێت.

ئێستا دیارە کە کشانەوەی ئارەزوومەندانە هەیە، کاتێك حکومەت ئەو هێزانە لا دەبات، کە دەکرا لە گۆڕەپانی ئۆپەراسیۆندا بەجێیان بهێڵێت، هێزەکان ناکێشێتەوە، چونکە ئەرکەکانیان تەواو بووە، یان نابێ لەوێ بن، یان ئەو حکومەتەی میواندارییان دەکات، پێی خۆش نییە، هیچ یەکێك لەو مەرجانە لەسەر ئەو دۆخە پیادە ناکرێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەرەتای ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن خۆی تێدا دۆزییەوە لە ئەفغانستان، کشانەوەکە ئارەزوومەندانە بوو، هەروەك چۆن لە زۆر جەنگی هەڵبژاردەدا ڕوودەدات، بۆیە ئەنجامەکان بە کارەستبار دادەنرێن.

بۆ یەکەمجار ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەر لە ٢٠ ساڵ چووە ئەفغانستان بۆ شەڕکردن لەپاڵ هۆزە ئەفغانییەکان، کە هەوڵیان دەدا حکومەتی تاڵیبان لەناو بەرن، کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی دالْدە دەدا، ئەو گرووپانە بوون کە بەرپرسن لە هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١، کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی نزیکەی ٣٠٠٠ کەس لە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

ئەوەندەی نەخایاند تاڵیبان هەڵات، هەرچەندە زۆربەی سەرکردەکانیان هەڵاتنە پاکستان، کە بە تێپەڕبوونی کات خۆیان ڕێکخستەوە و شەڕیان دژی حکومەتی ئەفغانستان دەست پێ کردەوە، بە درێژایی چەند ساڵێك ژمارەی هێزەکان زیادیان کرد، لە سەردەمی سەرۆکایەتیی باراك ئۆباما گەیشتە ١١٠ هەزار کەس، لەگەڵ فراوانبوونی خواستەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان، تێچووەکەش زۆر بوو، کە بە نزیکەی دوو تیرلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت،

**سەرۆکی چین چی جین بینگ، ستالین نییە، سیستەمی چینیش مارکسی لینینی نییە، بەڵکو (بازاڕێکی لینینییە) شێوەیەکە لە شێوەکانی سەرمایەداریی دەوڵەت لەسەر بنەمای تێکەڵەیەکی کۆمپانیا گشتییەکان و تایبەت، کە سەر بە دەستەبژێرێکی ستەمکاری حزبین**

**ئەگەر USA و ژاپۆن و ئەورووپا سیاسەتەکانیان هەماهەنگ کرد، ئەوا هەمیشە وەک بەشێکی گەورەی ئابووریی جیهانی دەمێننەوە و، تواناشیان دەبێت کە سیستەمی ئێستای نێودەوڵەتی لەسەر بناغەگەلێک ڕێک بخەنەوە**

**هەبوونی هاکەزاییانەی ئەمریکا پەیوەست بوو بە ٨٥٠٠ سەربازی دەوڵەتانی هاوپەیمان، کە وەک پشتیوانییەکی سەربازی و دەروونیی وا بوو بۆ حکومەتی ئەفغانستان**

**هەندێ جار ئەوەی بەلای سیاسەتی دەرەوەدا گرنگە، ناکرێ بەدی بهێنیت، بەڵام دەکرێ خۆتی لێ لابدەیت، ئەفغانستانیش لەو شێوەیە بوو**

**بایدن بەپێی بەڵگەنامەیەک کاری دەکرد کە لە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بۆی مابووەوە، کە لە فبرایەری ٢٠٢٠ ڕێککەوتنێک لەگەڵ تاڵیبان واژۆ کرا و حکومەتی ئەفغانستان لەم پرۆسەیە دوورخرایەوە**

**لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەفغانستان لەلایەن تاڵیبانەوە، کردەوەکانی تۆڵەسەندنەوە بە فراوانی و سەرکوتکردنی توندی ئافرەتان و هاتنی بە لێشاوی پەنابەران بوو بە واقیع**

لەگەڵ گیانلەدەستدانی ٢٥٠٠ ئەمریکی، زیاتر لە ١١٠٠ کەسیش لە هاوپەیمانەکانی کوژران، ئەمە لەپاڵ کوشتنی نزیکەی ٧٠ هەزار سەربازی ئەفغانی و ٥٠ هەزار هاووڵاتی سڤیل.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەنجامەکان ئاسایی بوون: لە کاتێکدا حکومەتی هەڵبژێردراوی ئەفغانی (کە تاکە لە مێژووی وڵاتدا) دەستی گرتبوو بەسەر شارە گەورەکاندا، بەڵام دەسەڵاتەکەی لاواز بوو، تاڵیبان توانی دەست بەسەر چەندین شارۆچکە و گوندی بچووکدا بگرێتەوە، دەستتێوەردانی ئەمریکا لە ئەفغانستان حاڵەتێکی کلاسیکیی فراوانکاری بوو، جەنگێکی پێویستی دیاریکراو لە ساڵی ٢٠٠١ـەوە دەستی پێ کرد و، بە درێژایی ساڵانی دواتر بوو بە جەنگێکی پڕ لە تێچووی زۆر، بەڵام دواتر کە بایدن بوو بە سەرۆک، ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ٣٠٠٠ سەرباز کەم بووەوە، ڕۆڵی ئەو هێزانە تا ڕادەیەکی زۆر بریتی بوو لە مەشق و ڕێنمایی و پاڵپشتیی هێزە ئەفغانییەکان. لە فیبرایەری ٢٠٢٠ـەوە هیچ ئەمریکییەک نەکوژراوە، هەبوونی هاکەزاییانەی ئەمریکا پەیوەست بوو بە ٨٥٠٠ سەربازی دەوڵەتانی هاوپەیمان، کە وەک پشتیوانییەکی سەربازی و دەروونیی وا بوو بۆ حکومەتی ئەفغانستان.

لە ئەمریکا کێشەی ئەفغانستان تا ڕادەیەکی زۆر دارِما، ئەمریکییەکان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠٢٠دا بە ڕەچاوکردنی دۆخی دەوڵەت دەنگیان نەدا، لە شەقامەکاندا ڕێپێوانیان ڕێك نەخست دژ بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەو وڵاتەدا، دوای بیست ساڵ USA گەیشتە ئەو ئاستە لە بەشداریکردنی سنووردار، کە لەگەڵ مەترسییەکاندا بگونجێت، بوونی ئەمریکا نابێتە هۆی سەرکەوتنێکی سەربازی یان ئاشتی، بەڵام دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەتێك نەکەوێت کە هەبووە، تەنانەت ئەگەر تەواویش نەبوویێت، زۆر باشترە لەو ئالتەرناتیڤەی کە ئێستا دەسەڵاتی گرتە دەست، هەندێ جار ئەوەی بەلای سیاسەتی دەرەوەدا گرنگە، ناکرێ بەدی بهێنیت، بەڵام دەکرێ خۆتی لێ لابدەیت، ئەفغانستانیش لەو شێوەیە بوو، بەڵام ئەمە سیاسەتی USA نەبوو، بایدن بەپێی بەڵگەنامەیەك کاری دەکرد کە لە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بۆی مابووەوە، کە لە فیبرایەری ٢٠٢٠ ڕێککەوتنێك لەگەڵ تاڵیبان واژۆ کرا و حکومەتی ئەفغانستان لەم پرۆسەیە دوورخرایەوە، لە مایۆی ٢٠٢١ کاتێکی کۆتایی دەستنیشان کرا بۆ کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا، ئەم ڕێککەوتنە تاڵیبانی ناچار نەکرد، چەك دابماڵێت، یان پابەند بێت بە ڕاگرتنی شەڕ، بەڵام تەنیا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی میوانداریی گرووپە تیرۆریستییەکان نەکرێت لەسەر خاکی ئەفغانستان.

ئیدارەی بایدن بە هەموو ڕێگایەك ڕێزی لەو ڕێککەوتننامە شەرمەزارییە گرت، جگە لە ڕێگایەك نەبێت: کاتی کۆتایی کشانەوەی تەواوی سەربازیی ئەمریکا بۆ زیاتر لە سێ مانگ درێژکرایەوە، بایدن-یش هەموو سیاسەتێکی ڕەت کردەوە کە ببێتە هۆکار بۆ بەستنەوەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە هەلومەرجەکانی سەر زەوی، یان ڕێکارەکانی زیاتری تاڵیبان، بۆیە لە ترسی ئەو سیناریۆیەی کە هەلومەرجی ئەمنیی تێدا تێکچوو و، گوشارگەلێکی زۆری هێنایە ئاراوە تاکو هەنگاوی نامیللی بگیرێتە بەر بە شێوەی سیاسییانە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بڵاوە بە هێزەکان بکرێت، بایدن زۆر بە ئاسانی هەموو هێزەکانی ئەمریکای لابرد.

هەروەك بە شێوەیەکی فراوان پێشبینی دەکرا، ئەو زۆری و زەوەندییە لە بەرژەوەندیی تاڵیباندا بوو، دوور لە حکومەتە شکستخواردووەکە و دوای ڕۆیشتنی بە ئاشکرای سەربازیی ئەمریکا (بە کردەوە لە ئێستادا). هەر لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەفغانستان لەلایەن تاڵیبانەوە، کردەوەکانی تۆڵەسەندنەوە بە فراوانی و سەرکوتکردنی توندی ئافرەتان و هاتنی بە لێشاوی پەنابەران بوو بە واقیع، بۆیە ڕێگەگرتنی گرووپە تیرۆریستییەکان لە گەڕانەوە بۆ وڵات، بەبێ بوون لەناو وڵاتدا سەختتر دەبێت.

بە تێپەڕبوونی کات مەترسییەکی دیکە دێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە کە تاڵیبان هەوڵ دەدات دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەشێکی زۆری پاکستاندا بسەپێنێت، ئەگەر وابوو، ئەوا زەحمەت دەبێت ئەو جیاوازییە لەدەست بدرێت، چونکە داڵدەدانی چەندین ساڵی تاڵیبان لەلایەن پاکستانەوە، ڕێگەی پێ دا شەڕ هەڵگیرسێنێت، ئێستا، دەکرێ ئەفغانستان ببێتە ناوچەیەك بۆ گواستنەوەی شەڕ بۆ پاکستان، ڕەنگە سیناریۆکە ببێتە مۆتەکە، لەبەر شەپڕیویی پاکستان و زۆریی ژمارەی دانیشتووانی و جبەخانە ئەتۆمییەکەی و مێژووی شەڕی لەگەڵ هیندستاندا.

ڕەنگە کشانەوەی بەپەلەی ئەمریکا و خراپیی پلانەکەی، کاتێکی تەواو دەستەبەر نەکات بۆ ڕاگواستنی ئەو ئەفغانییانەی لە ئێستادا ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە و ئەوانەشی کە لەگەڵ هەردوو حکومەتی ئەمریکی و ئەفغانی کاریان کردووە، بۆیە دوور لە لێکەوتە ناوخۆییەکان، ئاسەواری ترسناکی شکستی ستراتیژی و ئەخلاقیی ئەمریکا، بە شێوەیەکی فراوان پرسیارێکی زۆر دێنێتە ئاراوە سەبارەت بە میسداقییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە نێوان دۆست و دوژمناندا.

## پاساوەکانی بایدن بۆ بڕیاری کشانەوە

ڕۆژی دووشەممە ١٦-٨-٢٠٢١ سەرۆکی ئەمریکا جۆ بایدن بە توندی داکۆکی لە کشانەوەی USA لە ئەفغانستان کرد، دووپاتیشی کردەوە کە بە هێزەوە لەپشت ئەو بڕیارەوە دەوەستێت و، جەختیشی کردەوە کە کاتی ئەوە هاتووە دوای ٢٠ ساڵ لە شەڕ، ئەو وڵاتە جێبهێڵێت.

بایدن لە وتارەکەیدا لە کۆشکی سپی بە گەلی وڵاتەکەی گوت: من بە هێزەوە لەپشت بڕیارەکەم دەوەستم، دوای ٢٠ ساڵ بە زەحمەت فێر بووم کە هەرگیز کاتێکی گونجاو نایەت بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان، هەروەها گوتی: بەرژەوەندیی نیشتمانیی وڵاتەکەی لە ئەفغانستان بە شێوەی بنەڕەتی هەمیشە لەوەدا بووە، کە ڕێگە بگرێت لە بەئامانجگرتنی USA لەڕێی هێرشی تیرۆریستییەوە لەو وڵاتەوە کە نوقمی شەڕە، دووپاتیشی کردەوە کە ئەرکەکە لە ئەفغانستان هیچ ڕۆژێك بۆ بنیادنانی دەوڵەت نەبووە.

لە وتارەکەیدا، بایدن ئاماژەی بەوە کرد کە چین و ڕووسیا حەزیان دەکرد ویلایەتە یەکگرتووەکان تا هەتایە بکەوێتە زەلکاوی ئەفغانستانەوە، هەروەها گوتی: ئەو دوو ڕکابەرە ستراتیژییە ڕاستەقینەیە، چین و ڕووسیا، حەزیان دەکرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکان تا کۆتایی بەردەوام بێت لە خەرجکردنی ملیاران دۆلار لە بەدەستهێنانی سەقامگیری لە ئەفغانستاندا، سەرۆك بایدن ددانی بەوەشدا نا، کە حکومەتی ئەفغانستان زۆر بە خێرایی لەوەی پێشبینی دەکرا هەرەسی هێنا، دووپاتیشی کردەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوەی پێی کرا بۆ پاڵپشتیی ئەو حکومەتە کردی. هەروەها گوتی: هەمیشە بەڵێنم بە گەلی ئەمریکا داوە کە لەگەڵیاندا ڕاشکاو بم، بەڕاستی ئەوەی کە ڕوویدا لەوە خێراتر بوو کە مەزندەمان دەکرد، وەك ئاماژەیەك بۆ هەرەسهێنانی حکومەتی ئەفغانستان. زیاتر ئاماژەی بەوە کرد هەموو دەرفەتێکمان پێ دان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، بەڵام ناتوانین ئیرادەی شەڕیان پێ بدەین لە پێناو ئایندەیاندا.

هەروەك بایدن بەڵێنی (وەڵامدانەوەیەکی وێرانکەر)ی بە بزووتنەوەی توندڕەوی تاڵیبان دابوو، ئەگەر تەگەرە بنێتەوە، یان پرۆسەی ڕاگوێزانی هەزاران دیبلۆماسیی ئەمریکی و وەرگێڕانی ئەفغانستان لە ڕێی فرۆکەخانەی کابولەوە بخاتە مەترسییەوە. ئەو گوتی: لە حاڵەتی ئەنجامدانی هەر هێرشێك ئەوا USA وەڵامی خێراو بەهێزی دەبێت، گوتیشی: ئەگەر پێویست بکات بە توندییەوە داکۆکی لە خەڵکەکەمان دەکەین.

## گرفتەئاکاری بڕیاری کشانەوە

خاوەنانی تیۆری واقیعی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەر شرۆڤەکردنێکی بابەتییانەی کاروباری نێودەوڵەتی پێویستە تەرکیز بکاتە سەر پەیوەندییەکانی هێز لە نێوان دەوڵەتاندا، ئەمەش بەواتای دوورکەوتنەوە لە گوتاری سیاسیی ئۆتۆبیائی و جەختکردنە سەر ڕاستییەکانی ئێستای واقیعەکە، ئەوانەش بە قسەی هەندێك، بریتییە لەو خاڵەی کە واقیعخوازان پێوەی ناسراون، ئەوانە وای دەبینن (لەوانەش پرۆفیسۆر مۆرکنساو) کە پرەنسیپەکانی گشتیی ئاکار، ناکرێ لەسەر کار و چالاکیی دەوڵەتان پیادە بکرێن، بەڵکو پێویستە پاك بکرێنەوە، تا بۆ هەلومەرجی دیاریکراوی کات و شوێن بە چاکی بگونجێن، چونکە دەوڵەت مافی ئەوەی نییە ڕێ بە بەرهەڵستی ئاکاری پەیوەست بە ڕەفتاری خۆی بدات، کە ببێتە لەمپەر لەبەردەم کاری سیاسیی سەرکەوتووی خۆیدا، واقیعییەت هەڵسەنگاندنی ئەنجامی کار و چالاکییە سیاسییەکانی دەوڵەت وەك کێشەیەکی گەورە لە سیاسەتدا هەژمار دەکات، بۆیە پێویستە ئەخلاقی سیاسی لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامە سیاسییەکانی حوکمەکەی کاری بۆ بکرێت، لێرەدا پرۆفیسۆر مۆرکنساو قسەکەی (ئەبراهام لنکۆڵن)ی سەرۆکی ئەمریکامان دێنێتەوە یاد، کە دەڵێت: «من کاری باش دەکەم لەوەی کە دەزانم بیکەم، ئەوەی پێم بکرێت بە دواداچوونی بۆ دەکەم، من سوورم لەسەر ئەوەی کە تا کۆتایی بەردەوام بم، ئەگەر ئەنجامەکە باش بوو، ئەوا چیم لەسەر دەگوترێت، دەبێتە شتێکی بێ بەها، بەڵام ئەگەر ئەنجامەکە دەرکەوت من هەڵە بووم، ئەو کاتە من هەر چەند سوێندم خواردبێت کە لەسەر حەق بووم، هیچ سوودێکی نابێت».

کەواتە بایدن کاری خۆی کرد و بڕیاری کشانەوەی دەرکرد، کە قەناعەتی بە ڕاستییەکەی هەیە، قەناعەتیشی وایە کە ئەوە لە بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانیی وڵاتەکەیدایە، بۆیە هەوڵ دەدات بۆ هەمیشە کۆتایی بە شەڕەکان بهێنرێت، هەروەها کۆتایی بە شەڕە هەمیشەییەکان لە ئەفغانستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بهێنێت، ئەو شەڕانەی کە خوێن و سامانێکی بێ شوماریان تێچوو، هەروەك ماوەیەکی پێشتر مشتومڕی لێ کەوتەوە، بایدن زۆربەی زۆری هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان دەکێشێتەوە و ئەرکی USA بە شێوەیەکی چڕ لەسەر قاعیدەو داعش دەبێت، هەروەها کۆتایی بە پاڵپشتیی ئەمریکا بۆ ئەو شەڕە دەهێنێت کە سعودیە لە یەمەن سەرکردایەتیی دەکات، چونکە مانەوە لە نێو ململانێیەکاندا قازانجی بۆ ئەو نابێت، تەنیا توانای USA بەهەدەر دەدات لە سەرکردایەتیکردن لە پرسی دیکە کە گرنگیی زیاتر و قووڵتریان پێویستە.

**بە تێپەڕبوونی کات مەترسییەکی دیکە دێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە کە تاڵیبان هەوڵ دەدات دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەشێکی زۆری پاکستاندا بسەپێنێت**

**ئاسەواری ترسناکی شکستی ستراتیژی و ئەخلاقیی ئەمریکا، بە شێوەیەکی فراوان پرسیارێکی زۆر دێنێتە ئاراوە سەبارەت بە میسداقییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە نێوان دۆست و دوژمناندا**

**دەوڵەت مافی ئەوەی نییە ڕێ بە بەرهەڵستی ئاکاری پەیوەست بە ڕەفتاری خۆی بدات، کە ببێتە لەمپەر لەبەردەم کاری سیاسیی سەرکەوتووی خۆیدا**




ئیان ستیڤن پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی پەنسلڤانیا. وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و سیاسەتی بەراوردکار. پێشتر سەرۆکی بەشی سیاسەت و مێژوو بووە لە کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ زانستە سیاسییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە و تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ئەم ناوچەیە و بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان و چەند بابەت و پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

ئیان ستیڤن
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی پەنسلڤانیا بۆ گوڵان:

# پێشتر پێشبینی دووبارەبوونەوەی ساتەوەختی سیناریۆی ڤێتنامم لە ئەفغانستان کردبوو

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن دەڕوانیت لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و پێت وایە سیاسەتێکی واقیعبینانە و بەرپرسانەی گرتووەتەبەر لە ئاست ئەم ناوچەیەدا؟**

- ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوە، ئەوەیە کە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بە ددان بە خۆداگرتنێکی زیاترەوە پابەند بووە بە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و پرسە ناوخۆییەکان و قەیرانە سیاسییە بێ پێشینەکانی نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بووەتە هۆی خێراترکردنی ڕەوتەکانی پێشووی پەیوەست بە کەمکردنەوەی ئامادەبوونی ئەمریکا لە جیهاندا، جگە لەو حاڵەتانەی کە ڕووبەڕووی تەحەددای ڕاستەوخۆ دەبێتەوە لەلایەن وڵاتانی وەك چین، یان ڕووسیاوە. ئێستاش لەگەڵ داکشانی شەڕی تیرۆر، کارەساتەکانی عێراق و سووریا، و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی لیبیا و شکستهێنان لە ئەفغانستاندا، نە نوخبە و نە خەڵکی ئەمریکا نایانەوێ قوربانی بدەن، یان خۆیان ڕووبەڕووی مەترسی بکەنەوە لە پێناوی دووبارە داڕشتنەوەی واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** لە ئێستادا ئەو بۆچوونە لە ئارادایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرقاڵی جێهێشتن، یان دوورکەوتنەوەیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا ئەمە بۆچوونێکی دروستە و ئایا ئەمە لەبەر ئەوەیە کە چیتر ئەم ناوچەیە گرنگیی ڕابردووی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نییە، بەتایبەتی کە ئەمریکا لە رووی وزەوە توانیویەتی سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت؟**

- ئەمەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن لە بەشێکیدا ڕاستە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت، کە هیچ کاتێك تێوەگلانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا

**نە نوخبە و نە خەڵکی ئەمریکا نایانەوێ قوربانی بدەن، یان خۆیان ڕووبەڕووی مەترسی بکەنەوە لە پێناوی دووبارە داڕشتنەوەی واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**دوای ئەوەی حکومەتێکی سەختگیر لە ئێران و بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ڕەئیسی پێکهێنرا، پێناچێت ئەگەری ئەوە لە ئارادا بێت کە بتوانرێت هەنگاوی بنیاتنانی متمانە لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەڵبگیرێت**

**دەبوو ئەفغانستان بۆ سێ هەرێم دابەش بکرایە و گرێ بدرانەیتەوە بە وڵاتە هاوسنوورەکان و دەسەڵاتدارە لۆکاڵییەکان**

**داڕووخانی کابول تەنیا تەمەنی شکستەکەی ئەمریکا لەو وڵاتەدا درێژ دەکاتەوە**

پەیوەست نەبووە بە نەوتەوە. بۆ نموونە، ئێوە لەوە بڕوانن کە بەهێزترین و درێژخایەنترین پابەندبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەست بووە بە ئیسرائیلەوە. لە کاتێکدا ئیسرائیل نەوتی نییە و بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئەم پەیوەندییە کاریگەرییەکی هەبوویێت، ئەوا ڕێگاکانی دەستەبەرکردنی وزەی لەم ناوچەیەوە خستووەتە مەترسییەوە.

*** هەروەك دەزانن بێ متمانەییەکی زۆر لە نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە، بەڵام لە ئێستادا پێدەچێت ئیدارەی سەرۆك بایدن بیەوێت دووبارە بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا و لەم ڕووەوە گفتوگۆکانی دەست پێ کردوونەتەوە، پێت وایە دەتوانرێت هیچ هەنگاو و ڕێکارێکی بنیاتنانی متمانە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا بنیات بنرێت؟**

- لە ڕاستیدا دوای ئەوەی حکومەتێکی سەختگیر لە ئێران و بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ڕەئیسی پێکهێنرا، پێناچێت ئەگەری ئەوە لە ئارادا بێت کە بتوانرێت هەنگاوی بنیاتنانی متمانە لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەڵبگیرێت، تا ئەو کاتەی کە حکومەتێکی نوێ لە ئێران دەسەڵات دەگرێتە دەست و ئیرادە و ئامادەیی خۆی پیشان بدات بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی دروست بکات لەگەڵ پرسە گرنگە بنەڕەتییەکاندا لە بری سەختگیریکردن.

*** دوای ئەنجامدانی گفتوگۆ و دیالۆگی ستراتیژی لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق و دەرکردنی بەیاننامەی هاوبەش لەم بارەیەوە و ڕێککەوتن لەسەر گۆڕینی ڕۆڵی هێزەکانی ئەمریکا لەم وڵاتەدا، ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە چۆن دەبینیت؟**

- من پێشتر پێم وا بوو کە دەکرێت شەراکەتێکی درێژخایەن لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا (عێراق و ئەمریکا) بێتەئاراوە، بەڵام لە ئێستادا من گومانم هەیە لەم بارەیەوە، ئەویش لەبەر دوو هۆکار. یەکەمیان بوونی حکومەتێکی سەختگیر لە ئێران. دووەمیان بریتییە لە کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان کە پێویستیی ئەمریکای کەم کردووەتەوە بۆ هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ ئێراندا، ئەویش لە سەر بنەمای ئەوەی ڕەنگە ئێران بتوانێت ڕۆڵێکی هاوکار ببینێت لەو وڵاتەدا کە جەنگ دوچاری کاولکاری کردووە.

*** ئێوە چەند جارێك لە وەڵامەکانتاندا ئاماژەتان بە ئەفغانستان کرد، ئایا هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی ئێوە چییە لەسەر بڕیاری سەرۆك بایدن بۆ کشانەوە لەو وڵاتە و ئەو بارودۆخە دراماتیکییەی دوای ئەو بڕیارە هاتنەئاراوە؟**

- من ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا پێشبینیی ڕوودانی ساتەوەختی «سایگۆن»م کردبوو لە کابول. ئەوەی ئەمریکا پێوەی سەرقاڵ بوو، شەڕێکی دۆڕاو بوو. دەبوو ئەفغانستان بۆ سێ هەرێم دابەش بکرایە و گرێ بدرانەیتەوە بە وڵاتە هاوسنوورەکان و دەسەڵاتدارە لۆکاڵییەکان. داڕووخانی کابولیش تەنیا تەمەنی شکستەکەی ئەمریکا لەو وڵاتەدا درێژ دەکاتەوە. پاڵنەری بڕیارەکەی بایدنیش بریتییە لەو پێشبینییەی کە بۆ ئەو وڵاتە دەکرا و خواستی ئەو بوو بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخێکی نەخوازراو لە پێش هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ٢٠٢٤.

*** ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێت، ئەوەیە ئەوە کە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل یەکێك لە کێشە و ناکۆکییە درێژخایەنەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و، تا ئێستا سەرجەم هەوڵ و دەستپێشخەرییەکان بۆ چارەسەرکردنیان شکست و نائومێدی چارەنووسیان بووە، ئێوە توێژینەوەیەکی زۆرتان لەم بارەیەوە ئەنجام داوە، ئایا چۆن لە ئایندەی ئەم ناکۆکییە دەڕوانن؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم کە کێشە و ناکۆکیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل لە ڕێی گفتوگۆوە چارەسەر ببێت، بەتایبەتی لە ئێستادا گرتنەبەری چارەسەری دوو دەوڵەت بووەتە کارێکی مەحاڵ، ئەویش بە هۆی ئەوەی ئیسرائیل بە شێوەیەکی کارا و بە نافەرمی سەرجەم و خەڵکی نێوان ڕووباری ئەردەن و دەریای سپی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووەتە بەشێك لە وڵاتەکەی و لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە باڵادەست بووە بە سەریاندا. من پێم وایە هەر چۆنێك بێت، ئەم ناکۆکییە بەردەوام دەبێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی دەیە و نەوەکان، دەگۆڕێت بۆ هەوڵ و خەباتکردن بۆ بە دیموکراتیکردنی وڵات و گەیشتن بە یەکسانی لە نێوان جولەکە و عەرەبدا. ئەو ئاماژە ئیجابییانەی بەدی دەکرێن، بریتین لە جەمسەرگیری ڕای گشتی لە نێوان جولەکەکان و سەنگی سیاسیی زیاتری هاووڵاتییە عەرەبییەکانی نێو ئیسرائیل.



کە هەموو ئەمانە و هەڵمەتە نێودەوڵەتییە هاوشێوەیەکان ڕۆڵی گرنگ دەبینن لەم ڕووەوە، بەڵام دەبێت فەلەستینییەکان کار و کۆششی زۆر بکەن بۆ ئەوەی بیرکردنەوە و ستراتیژیەتی خۆیان لەگەڵ واقیعە نوێیەکەدا بگۆڕن و بیگونجێنن.

*** ساڵێك زیاتر تێپەڕیوە بە سەر ڕێککەوتنەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە دەوڵەتە عەرەبییەکان، چۆن لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم ڕێککەوتنانە دەڕوانیت و ئایا لەو باوەڕەدایت بەردەوام بن؟**

- لە بنەڕەتدا ئەو ڕێککەوتنانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش ئەنجام دران، بۆ ئەوەی حکومەتە نادیموکراتییەکان هاوکاری لەگەڵ یەکتردا بکەن لە بوارەکانی پەیوەست بە ئاسایش و هەندێ بواری دیکەدا، بەڵام هۆکاری ڕاستەوخۆ بریتی بوو لە بەڵێنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ وڵاتە عەرەبییەکان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی هەر یەکێك لەم وڵاتانە- بۆ نموونە بە شەرعی ناساندنی لکاندنی بیابانی ڕۆژئاوا بە وڵاتی مەغریبەوە، لابردنی سوودان لە لیستی وڵاتانی پشتیوانیکار لە تیرۆر، بەدەستهێنانی فڕۆکەی جەنگیی پێشکەوتووی ئەمریکا لەلایەن ئیمارات و .. هتد.

*** ئایا باوەڕت وایە کە ئەم ئاساییکردنەوەی پەیوەندییانە لە کۆتاییدا خزمەت بە سەقامگیریی ناوچەکە و کەمکردنەوەی بارگرژییەکان دەکەن؟**

- من پێم وایە ئەم ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام ئەگەر بڵێین، یان بانگەشەی ئەوە بکەین کە بەرفراوانکردنی ئاساییکردنەوەکان پاڵپشت دەبێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل- ئەو چارەسەرەی بوونی دوو دەوڵەت لە خۆ دەگرێت- ئەوا ئەمە بانگەشەیەکی ناڕاست و بگرە مەترسیداریشە، بەڵام لە مەودای دووردا بوونی باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ئیسرائیل هاوکار دەبێت بۆ پاراستنی ماف و موڵکی فەلەستینییەکان لە کەناری ڕۆژئاوای غەززە، و لە ناو خودی ئیسرائیلدا. هەروەها ڕێککەوتنی نێوان ئەم حکومەتە نادیموکراتییانە دەبێتە هۆی پاراستنی سەقامگیری لەم وڵاتانەدا، تەنانەت ئەگەرچی لەسەر حیسابی مافەکانی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکانیش بێت. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ پرسی کۆتایی پێهێنانی ئەپارتهاید لە ئەفریقیای باشوور، ئەوا چەندین دەیە گفتوگۆ کرا لەبارەی مامەڵەی بنیاتنەرانەوە بۆ هاندان و هێنانەدی چاکسازی و هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی قوربانیی جیاکاری بوون، هاوشان بە بەکارهێنانی بایکۆت و سەپاندنی سزاکان بۆ لاوازکردنی ڕژێمە لە دەرەوەڕا. لە ئێستادا ئەم گفتوگۆیە لە پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە دەستی پێ کردووە.

## لە ئەفغانستان

# بۆچی تاڵیبان گەڕایەوە؟ حکومەتێک چۆن ڕووخا؟

ئەو گۆڕانکارییانەی لە دە ڕۆژی ڕابردوو لە ئەفغانستان ڕوویاندا بوونەتە جێی سەرنج و باسی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جێی بایەخێکی تایبەتیش بۆ خەڵکی کوردستان، هەروەها لە ناوەندەکانی بیرکردنەوەی کوردستانیش بە سیاسی بن و لێکۆڵینەوە بە جددی سەرنجیان داوەتە ئەفغانستان. بۆیە زۆر پێویستە ئێمە هەوڵبدەین لەو ڕووداوە تێبگەین، بزانین لەوێ چی ڕوویداوە کە پەیوەندی بە تێکڕای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت، هەروەها ئەو گۆڕانەی کە لە ئەفغانستان لە سیاسەتی ئەمریکا لە ڕووی عەسکەرییەوە ڕوویدا بنەماکانی چین؟ هەوڵبدەین لەو بنەمایانە تێبگەین و بزانین چەند هەڕەشەی هەیە بۆ سەر مانەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی لە عێراق و دەوڵەتانی کەنداو، ئایا لە ئەفغانستان بە یەکجاری دەردەچێت یان نا. پێویستە هەوڵبدەین لێی تێبگەین هۆکارەکانی ئەو گۆڕانە نەرێنییە خێرایە لە ئەفغانستان چی بوو کە کۆتاییەکەی بە دارمانی حکومەت و سوپای ئەفغانستان هات. هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە بیست ساڵە بە هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدانی ئەفغانستان دامەزرابوون و سەرمایەیەکی زۆری ناوخۆیی و دەرەکیان بۆ تەرخان کرابوو، ئەوروپا و بە تایبەتی ئەمریکا هەوڵیاندەدا لە هەموو بوارەکانی گەشەسەندن و خۆئامادەکردن لە سوپاوە تا دامەزراندنەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت و گۆڕانی کۆمەڵایەتی هاوکاریی ئەفغانستان بکەن و، هەوڵیاندا زۆر بە ئاسانی ئەزموونی دونیای پێشکەوتوویان بۆ بگوازنەوە. هۆکار چی بوو کە ئەفغانستان نەیتوانی لەو دەرفەتە کەڵکێکی باش وەرگرێت؟ چ زەمینەیەك وایکرد کە تاڵیبان بەبێ ئەوەی دەست بۆ تفەنگ ببات هەموو ئەفغانستان خۆی بەدەستەوە بدات؟ ئەو دەرەنجامانەی ئێمە لە کوردستان لەو ڕووداوە پێویستە هەڵیبێنجین کە پەیوەندی بە بارودۆخی ناوچەکەمانەوە هەبێت چین؟ کامانەن؟ بۆ ئەوەی بچینە نێو ئەو باسانەوە من هەوڵ دەدەم لە هەندێك لەو پرسیارانە نزیك بکەومەوە و بەشداری لە وەڵامدانەوەیدا بکەم. پێویستە ئاوڕێك لە مێژوو و واقیعی ئەفغانستان بدەینەوە.

لە سەرەتای دەیەی حەفتای سەدەی ڕابردوو گۆڕانکارییەکی لەناوکاو لە ئەفغانستان ڕوویدا، ئەویش لە ئەنجامی کودەتای ناو ماڵی پاشای ئەفغانستان محەمەد محەمەد زاهیرشا کە ئامۆزایەکی پادشا بە ناوی نورمحەمەد داود کودەتای بەسەر پادشای ئەفغانستاندا کرد. ئەوە چەند ساڵێك بەردەوام بوو، نورمحەمەد داود ئامۆزای شا کەمێك لەژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی سەرەتای حەفتاکانی ئەوکات بوو، لە ڕووی سەربازییەوە کەمێك نزیکی ئەفسەرە کۆمۆنیستەکان و ئەفسەرەکانی ناسیۆنالیست و لەو تیپانە بوون کە عادەتەن ئامادەییان تێدا بوو کودەتا بکەن. ئەفسەرە کۆمۆنیستەکانی سەر بە حزبی دیموکراتی گەلی ئەفغانستان کە ناوی حزبی شیوعی ئەو کاتە بوو، کودەتای بەسەردا کرد (١٩٧٨) . ئەو کودەتایە بووە زەمینەخۆشکەر

**دەستتێوەردانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە ناو ئەفغانستان تەنیا سوپایی و سیاسی نەبوو، بەڵکو هەوڵیاندا ئایدۆلۆژیای توندڕەوی ئیسلامی کە لە سعودییەوە بەرهەم دەهێندرا، بە فراوانی و بە بێ سنووری بیگوازنەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم**



**سەرۆ قادر**
sero.qadir@irdk.org

**تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی**

بۆ ئەوەی کە حکومەتێکی توندڕۆی کۆمۆنیست لە ئەفغانستان بێتەسەر کار.

ئەو بارودۆخەی باسمکرد لەگەڵ ڕوانگەی ناواقیعبینیی کۆمۆنیستەکان گرێ گرت. کۆمۆنیستەکان زۆر بەخێرایی ویستیان لاسایی ئەو وڵاتانە بکەنەوە کە لە جیرانی ئەوان لەنێو یەکێتیی سۆڤییەتدا بەر لە حەفتا ساڵ داخلی نیزامی سۆسیالیستی ببوون، و بەهۆی یەکێتیی سۆڤییەتەوە هەموو بزووتنەوەکانی سەرکوت کرابوون، دەمجی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی سۆڤییەتی کرابوون. ئەو ڕوانگە کۆمەڵایەتییەی کۆمۆنیزم بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەیەتی، بووە جێگای کاردانەوەی هۆز و ناوەندەکانی دینی کۆمەڵگەی تەقلیدیی ئەفغانستان.

لە دوای ساڵی (١٩٧٩) مقاوەمەتی خەڵکی ئەفغانستان بە سەرکردایەتیی موجاهیدەکان دەستیپێکرد، ئەو مقاوەمەیە بەخێرایی لەلایەن ئێرانی پەهلەوی و پاکستان قۆسترایەوە، دوایی بە دوو حاڵەت ئەمە کاردانەوەی لەسەر دوو وڵاتی پاکستانی و ئێرانی هەبوو. لەو کاتدا نێوانی یەکێتیی سۆڤییەت و چین زۆر دژبەیەك و ناکۆك بوو و ڕۆیشتنی ئەفغانستان لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بۆ ناو جوغزی یەکێتیی سۆڤییەت بۆ غەرب و ناتۆ جێگەی قبووڵکردن نەبوو. ئەوە بوو کەوتنە تەنزیمکردنی موجاهیدەکان. ئەمریکا و ئەورووپا ڕاستەوخۆ کەوتنە یارمەتیدانیان و مەشق پێکردن و چەك بۆ ناردنیان. سەرکردەکانی ئەفغان سەرباری ئەوەی ناکۆکییان بە یەکەوە هەبوو، جارجار پێکدا هەڵدەپڕژان، بەڵام هەرچۆنی هەبوو ڕۆژئاوا پارە و چەکی بەسەردا ڕشتن، ئەمریکا و سی ئای ئەی بەشێوەیەکی تایبەتی کەوتنە تەنزیمکردنیان و ئێستا لە بەڵگەنامەکان بەئاشکرا دیارە. هەروەها لەو کاتدا سعودییە و دەوڵەتانی کەنداو پشتیوانیی لۆجستیی ئەمریکا بوون لە دوو ڕووەوە، یەك لەڕووی یارمەتیی پێگەیاندنی ماڵی و دووەم لە ڕووی دیتنی دەوری تێرمینال بۆ گواستنەوەی لایەنگرانی ئیسلامی سیاسی و ئەوانەی دەیانەوێت بچن لە ئەفغانستان هاوکاریی موجاهیدەکان بکەن. ئەمە هەندێك گۆڕانکاریی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەوکات سعودیە ئەرکی سەرەکیی خۆی لە چالاککردن و پشتیوانیکردنی قوتابخانەکانی سەلەفیی ئایینی دەبینی، کە بەو پەڕی توندڕۆیی خەریکی درووستکردنی ئایدۆلۆژیای توندڕۆیی ئیسلامی بوون، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی کۆمۆنیزم.

سعودیە و ناوەندەکانی ئیخوان موسلمین کە ئەوکات پتر لە میسر بوون، دەرگای بۆ کردنەوە چ لە ژێر فشاری حکومەتی حوسنی موبارەکدا بێت، چ بۆ هاناگەیاندن بێت بۆ موجاهیدەکانی، بێنە سعودیە. ئەوە بوو سەرمایەی سعودیە بەشێکی زۆری بۆ ئەو کەسانە تەرخان کرا کە لەوێ دەیانخوێند، مەشقیان دەکرد، دوایی بەرەو ئەفغانستان دەڕۆیشتن. ئەو بارودۆخە وایکرد کە ژمارەیەکی بێ سنوور لە خەڵکی عەرەبی وڵاتانی ئیسلامی دوای بینینی ڕاهێنانی عەقیدەیی سەلەفی و ئامادەیی عەسکەری لە ڕێی کەنداوەوە

**ئەفغانستانێ کە بە یەکپارچەیی مقاوەمەی دەکرد و لە زەمانی پاشایەتیدا ڕێگەی نوێبوونەوەی گرتبووە بەر، ئێستا گەڕابووەوە بۆ نیزامی قەبەلی و مەزهەبی و شۆڕبوونەوەی بەرەو دواوە بەرەو بیروباوەڕەکانی دیکەی تەقلیدی کە هەمووی هەر دەبووە مایەی دڕدۆنگی و دژایەتیکردنی یەکتری**

دەپەڕییەوە پاکستان و لە پاکستانەوە تێکەڵی موجاهیدەکانی ئەفغان دەبوون. لەگەڵ ئەواندا هەڵبەت ژمارەیەك لە میللەتانی دیکەش وردە وردە تێکەڵی ئەفغانییەکان بوون، و بوونە هەڵگری ئایدۆلۆژیای توندڕەو کە لە قوتابخانەکانی سعودیە دەیانخوێند. لە دوای ساڵی ١٩٨٠ بەولاوە ژمارەیەك لە گەنجانی کوردستان لەڕێگەی ئێرانەوە و هەندێکیش لەڕێگەی سعودییەوە چوونە پاکستان و لەگەڵ موجاهیدەکان تێکەڵ بوون و دواتر ئەو ئایدۆلۆژیا توندڕەوییەی لێکەوتەوە کە بزووتنەوەی ئیسلامی و لقەکانی کە دواتر لە بزووتنەوەی ئیسلامی جیابوونەوە تا دەگاتە ئەنسارولئیسلام و توندڕەوەکانی دیکە کە لە ماوەی سی ساڵدا لە کوردستان دەیانناسین و بوونە مایەی سەرئێشە لە ناوچەکە. ئەوکات نەواتیان دروستبوو.

بەو پێیە دەستتێوەردانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە ناو ئەفغانستان تەنیا سوپایی و سیاسی نەبوو، بەڵکو هەوڵیاندا ئایدۆلۆژیای توندڕەوی ئیسلامی کە لە سعودییەوە بەرهەم دەهێندرا، بە فراوانی و بە بێ سنووری بیگوازنەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم. لە ساڵی (١٩٩٢) حکومەتی ئەفغانستانی کۆمۆنیست ڕووخا، موجاهیدەکان بوونە فەرمانڕەوا، دەوڵەتێکیان لە ئەفغانستان دروستکرد کە دەوڵەتێکی زۆر توندڕەو نەبوو، بەڵام بەخێرا دوو هۆکار دۆخەکەی شێواند، یەکێکیان تێنەگەیشتن و پاشکەوتوویی لە دەوڵەتداری، دوومیان هەنگاویان نەنا بۆ ئەوەی توندڕەوەکانی ئیسلامی لە ئەفغانستان بەدەر بنێن، یان حیسابێکیان بۆ بکەن، ئەوەی لێ نەکەوێتەوە کە دوایی خۆیان ئازاریان پێوە خوارد.

لەو کاتدا ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە خەریك بوون و نەگەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی کە ئیسلامی سیاسی لە دژی خۆیان بەکاردێت. سەرەتای قوڵبوونەوەی تەنگوچەڵەمە بوو لەناو یەکێتیی سۆڤییەت و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستی. ئەمریکا ئەو کات زۆربەی ئاراستەکانی بەرەو شەڕی ئایدیۆلۆژی بوو، بۆیە هەموو ئایدۆلۆژیایەك هەرچەند نائینسانیش بوایە لەپێناوی لاوازکردن و پاشەکشەپێکردنی کۆمۆنیزم بەکاردەهێنا. لە لایەکی دیکەشەوە دەست و چاویان لەسەر میکانیزمی قووڵبوونەوەی تەنگوچەڵەمەی یەکێتیی سۆڤییەت و تواناکانیدا بوو، بۆیە پێش ئەوەی موجاهیدین بێنەسەرکار دواجار ئەمریکا ڕاستەوخۆ داخلی شەڕی ئەفغانستان بوو، ڕاستەوخۆ بە مانای سەربازی نا، بەڵکو لە ڕێگەی «سی ئای ئەی» بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی پاکستان تەنزیم و ڕێنوێنیی موجاهیدەکانی دەکرد و، دواجار لە پلانێکی هەواڵگریی زۆر ئاڵۆزدا بە هاوکاریی چین و بە پارەی ئەمریکا و سعودیە، بە دەستدۆیی و ئاسانکاریی پاکستان چەکێکی زۆری سۆڤییەتی کە لە چین دروستدەکرایەوە کڕدرا و هێنراو خرایە دەستی موجاهیدەکان، بە تایبەتی چەکی ڕۆکێت، یان مووشەك کە تەیارە و هەلیکۆپتەر لەبەریان دەرناچن، ئەوکات پێیان دەگوت «ڕۆکێتی ستینگەر» بە فراوانی خرایە دەستی موجاهیدەکانی ئەفغانی. هەڵبەت بەشێکی ئەو چەکانەیان لە ئیسڕائیل کڕییەوە کە لە سوپای میسر وەك غەنیمە دەستی کەوتبوو. ئەوە وایکرد بەرەکانی هاوسەنگیی شەڕی لە ئەفغانستان تێکبچێ. دەوڵەتی سۆڤییەتی بڕیاریدا سوپای خۆی لە ئەفغانستان بکشێنێتەوە(١٩٨٩)، تەنیا یارمەتیی حزبی شیوعیی ئەفغانی بدات کە بۆخۆی شەڕ بکات.

حکومەتی موجاهیدین کە دوای حکومەتی کۆمۆنیستی دروستبوو، حکومەتێك بوو کە لەژێر ڕێنوێنیی ڕاستەوخۆی ئەمریکادا بوو، جۆرێك لە دۆستایەتییان لەگەڵ چین و پاکستانیش هەبوو، بەڵام کێشەیەکی گەورەی ژیۆپۆلەتیکی لەنێوان پاکستان و ئەفغانستان هەیە. دەوڵەتی ئەفغانستان هەمیشە چاوی لە گێڕانەوەی ولایەتی پشتوونی پاکستانە بۆ سەر ئەفغانستان، پاکستان هەمیشە ئەفغانستان بە ئیمتیدادی خۆی و ستراتیژی خۆی دەزانێت، پێیوایە دەبێت ئەو حکومەتانەی کە لەوێ دێنە سەرکار هەمیشە هەماهەنگییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ پاکستان هەبێت، با بڵێین پاشکۆی سیاسەتی هەرێمایەتی و جیهانیی پاکستان بن، ڕێگە لە بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی نەگرن. لە هەمان کاتدا پشتیوانێکی دیکەی پتەو بن بۆ بەردەوامیی دژایەتیی پاکستان بۆ هیندستان. لە کۆتاییدا لەبەر ئەوەی زۆربەی خاکی ئەفغانستان لەگەڵ پاکستان هاوسنوورە و بەشێکی زۆری دانیشتووانی پشتوون کە لەناو پاکستاندا دەژین، ئینجا بە تێپەڕینی ئەو ساڵانەش کە موجاهیدین دەبوایە لە پاکستانەوە یارمەتی لە ئەمریکا و سعودیە وەرگرن وابەستەییەکی تایبەتیان هەبوو بەوێوە. دوای ئەوەی کە هاتنە سەر کار،

**بیروباوەڕی سەلەفی لەو توندڕەوییەی لە سعودیە بە ئاگاداری ئەمریکا هەبوو، مۆدێلێکی بۆ دیاریکرابوو کاتێک کە زۆر پشتیوانی کرا، ئەم واقیعە: ئێران و پاکستان و سعودییە چواردەوری ئەفغانستانیان دابوو، زەمینەیان خۆشکرد بۆ ئەوەی مەدرەسەکانی سەلەفی بەخێرایی ببن بە مەدرەسەی جیهادیی تەکفیری سەرەنجام ئایدۆلۆژیای تیرۆریان وەرگرت**

**ئەفغانستان لە کەمتر لە دوو ساڵ، لە سەرزەمینی داگیرکراو کە موجاهیدین لەوێدا شەڕیان دەکرد، بوو بە سەرزەمینێک کە هەم لەناو خۆیدا شەڕی هەیە، هەم دەرگای کردووەتەوە بۆ ئەو توندڕۆیانەی کە خەڵکی ئەفغانستان نین و لەوێوە بیر لە شەڕی کلتووری و دینی لەگەڵ جیهانی مۆدێرن دەکەنەوە بە تایبەتی شەڕ دژی ئەمریکا و ئەوروپا**

لەگەڵ پاکستان کەوتنە جۆرێك لە ناکۆکی، حکومەتی موجاهیدین دەیویست سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. ئەوە بووە جێی نارەزامەندیی پاکستان، پاکستان دووبارە کەوتەوە دەستتێوەردان. ئەوجارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ. لەلایەکی دیکەش حکومەتی موجاهیدین لە نێوان خۆیان ناکۆکییان زۆر بوو، بەردەوام لە شەڕدا بوون. ئینجا ئەو شەڕە حکومەتەکەی لێ دابەش دەکردن. ئەوە وای لێهات نیزامی قەبەلی لە ئەفغانستان پتەوتر بێت و ئەفغانستانێ کە بە یەکپارچەیی مقاوەمەی دەکرد و لە زەمانی پاشایەتیدا ڕێگەی نوێبوونەوەی گرتبووە بەر، ئێستا گەڕابووەوە بۆ نیزامی قەبەلی و مەزهەبی و شۆڕبوونەوەی بەرەو دواوە بەرەو بیروباوەڕەکانی دیکەی تەقلیدی کە هەمووی هەر دەبووە مایەی دڕدۆنگی و دژایەتیکردنی یەکتری. ئەوانە هەریەکە و حزبی خۆیشی دروستکردبوو، سەرۆکی خۆیان هەبوو، شەڕ بەردەوام بوو. ئەو شەڕە ئیدی دۆخی خراپی ئەفغانستان کە لە ساڵی (١٩٧٩)وە لە شەڕدا بوو، خراپتری کرد. ئەوە وایکرد بێ ئومێدیی خەڵکی ئەفغانستان لە موجاهیدەکانیش لە ساڵی یەکەمدا بە ئاسانی دەرکەوێت و گلەییان لێ بکەن و وردە وردە خەڵك پشتیان تێبکات.

بیروباوەڕی سەلەفی لەو توندڕەوییەی لە سعودیە بە ئاگاداری ئەمریکا هەبوو، مۆدێلێکی بۆ دیاریکرابوو کاتێك کە زۆر پشتیوانی کرا، ئەم واقیعە: ئێران و پاکستان و سعودییە چواردەوری ئەفغانستانیان دابوو، زەمینەیان خۆشکرد بۆ ئەوەی مەدرەسەکانی سەلەفی بەخێرایی ببن بە مەدرەسەی جیهادیی تەکفیری و سەرەنجام ئایدۆلۆژیای تیرۆریان وەرگرت و سوودیان لە بارودۆخی ئەفغانستان دەکرد. ئەو زەمینەیە وایکرد کە جموجۆڵێکی توند لە ئەفغانستان لە ناوچەی قەندەهار درووست بێت، جموجۆڵەکە لە مەدرەسەکانی دینییەوە دروستبوو، زۆر بە سادەیی لە مەلا عومەر و فەقێیەکانەوە (تاڵیبان لە تەڵەبەوە هاتووە) لە تەڵەبەکانەوە بوو. ئێستا کە دیراسە دەکرێت لە حەقیقەتدا ئەوە جموجۆڵێکی نارەزایی بوو لە ناو کۆمەڵگەیەکی ناڕازی و ماندوو و شەکەت لە شەڕی ناوخۆدا کە نە حزبی کۆمۆنیست توانی ئایدۆلۆژیایەك، یان پرد و پێناوێکیان بۆ پێشەوە لەبۆ درووستکات، نە موجاهیدین توانیان لە شەڕ دەربازیان بکەن و حکومەتێکی ئارامیان بۆ درووستکەن. کەواتە میللەتان کاتێك لە ناو خۆیاندا دەشکێنەوە، بێئومێد دەبن، پەرتوبڵاو دەبن، تاسەر بێدەنگ نابن. ئەگەر بە حیکمەتەوە ئەو تەنگوچەڵەمەیە ڕێنوێنی نەکرێت بەرەو گۆڕانکاری ئەرێنی، زۆر واقیعییانە و هەماهەنگ لەگەڵ ئاواتی ئەو میللەتە بۆ باشتربوونی ژیان، ئەگەر ئەوە نەکرێت هەر میللەتێك بەپێی بارودۆخی تایبەتیی کلتووریی خۆی پەنا بۆ ئەو بزووتنەوانە دەبات کە زۆر توندڕەون، زۆر سادەن، و زۆر شەعبی و پۆپۆلیستین. تالیبان لەوەوە دروستبوو، کە زۆر بە خێرایی لەلایەن هەواڵگریی پاکستانەوە قۆسترایەوە. ئیدی ئەفغانستان لە کەمتر لە دوو ساڵ، لە سەرزەمینی داگیرکراو کە موجاهیدین لەوێدا شەڕیان دەکرد، بوو بە سەرزەمینێك کە هەم لەناو خۆیدا شەڕی هەیە، هەم دەرگای کردووەتەوە بۆ ئەو توندڕۆیانەی کە خەڵکی ئەفغانستان نین و لەوێوە بیر لە شەڕی کلتووری و دینی لەگەڵ جیهانی مۆدێرن دەکەنەوە بە تایبەتی شەڕ دژی ئەمریکا و ئەوروپا.

ئێستا کە کۆمۆنیزمیان شکاندبوو، ملی ئەمریکا و ئەوروپایان گرت، وردە وردە ئەوە لەبەرچاوی ئەمریکا ئەلقاعیدە درووستبوو. ئەلقاعیدە لق و پۆپی خۆی لە وڵاتانی تر درووستکرد و بەو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایەی لە دەیەی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو لە بواری گەیاندن و سەتەلایت و چاپ و سەرەتای ئەو بارودۆخە بوو کە لە ڕووی تەکنیکییەوە ئێستا ئێمە تێیدا دەژین، ئەوەش بوو بە یارمەتیدەرێکی یەکجار زۆر تا کەسانی توندڕۆ لە ئەفغانستان و هەموو جیهان یەکتری ببیننەوە، ئەو تەنزیمە توندڕۆییە جیهانییە بە ئاسانی درووستبێت و زۆر بە ئاسانی پەیوەندی بە یەکترەوە بکەن. تاڵیبان لە ساڵی (١٩٩٤) دەستیپێکرد، لە ساڵی (١٩٩٧) حوکمیان بەدەستەوە گرت، و هەموو توندڕۆکان پشتیوانیان بوون. ئەمریکا لەو گۆڕانکارییە جارێ هەر بێدەنگ بوو چونکە سۆڤییەت لە ڕووخاندا بوو، هەموو ئاراستەی ئەمریکا و ئەوروپا بۆ نێو سۆڤییەت و درووستبوونی وڵاتانی نوێی ناکۆمۆنیستی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بوو. بۆیە مەیدانی ئەفغانستان بۆ توندڕۆکان و مەدرەسەکانی جیهادی بۆ هەواڵگریی پاکستانی تەواو کرایەوە. چین لەو کاتەدا خەریکی بەرنامەی نوێی

**تاڵیبان لە ساڵی (١٩٩٤) دەستیپێکرد، لە ساڵی (١٩٩٧) حوکمیان بەدەستەوە گرت، هەموو توندڕۆکان پشتیوانیان بوون. ئەمریکا لەو گۆڕانکارییە جارێ هەر بێدەنگ بوو چونکە سۆڤییەت لە ڕووخاندا بوو**

**ئەو بارودۆخی نالەباری دوای سەرکەوتنی موجاهیدەکان، نەبوونی حکومەتێکی باش، شەڕی ناوخۆیی، نەزانی و نەشارەزایی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، ئەو نائومێدییە گەورەیەی لە ئەفغانستان درووستکرد، کە سەرەنجام نائومێدی و نارەزایی سەلبیی خەڵک زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی محەلی بە ناوی تاڵیبان درووستکرد**

**گێڕانەوەی کۆمەڵگەی ئەفغانستانی بۆ زەمانی خەلافەتی ڕاشیدین لە شێوەی جلوبەرگ و ژیان و سادەیی و گوێندان بە کار و کاسبی بەمانای نوێی ئەم زەمانە. ئەوە وایکرد کە ئەفغانستان داخلی قۆناغێکی زۆر تاریک و بە ئازار بێت**

**لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بوو کە ئەمریکا کەوتە بەر پەلامارێکی ئەوتۆ کە لە مێژووی خۆیدا نەیبینیبوو، ئەوە ئەمریکای ناچار کرد کە چاوی خۆی لەڕووی ئەو ئەزموونە بکاتەوە کە خۆی دایینابوو. لەو مۆدێلە ورد ببێتەوە و هەڕەشەکانی تێبگات کە خۆی داوای لە سعودیە کردبوو کارا و چالاک بکرێت**

**دەبێ چاوەڕوان بین بزانین چەند ئەو بەڵێنەی داویانە، ئەو هێمنییەی لەو ناو ئەفغانسان پێیەوە پابەندن، لەکاتێکدا ئەمریکاش هەر لەوێ ماوە، لە گفتوگۆیان بۆ دروستکردنی حکومەتی ئیئتلافیی داهاتوو و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی حکومەت پابەند دەبن**

خۆی بوو، بەرنامەی نوێی کرانەوەی ئابووری و دروستکردنی بازاڕی تایبەتیی سەرمایەدارانەی خۆی لەژێر سەرکردایەتیی حزبی شیوعیی چینی، تازە چاویان بە پێشکەوتن و ئەزموونی ئەورووپا لە پێشکەوتنی ئابووری کرابووەوە، بڕیاریاندابوو لەو قاتوقڕییەی نیزامی کۆمۆنیستییەوە بەرەو کرانەوەیەکی ئابووریی ئەوتۆ بچن کە خێر و بێری بۆ چین هەبێت و نەخشەی چینی ئێستایان دادەڕشت. بۆیە چینیش زۆر دەستیان لە کاروباری پاکستان و ئەفغانستان وەرنەدەدا.

ئەمریکا و سعودییە ئەم ئایدۆلۆژیایەی کە بڕیاریاندابوو لە توندڕەویی ئیسلامی بەرانبەر بە کۆمۆنیزم دروستی بکەن، شوێنی تاقیکردنەوەکەیان ئەفغانستان هەڵبژارد، هەم ئەو ئایدۆلۆژییەیان تێدا تاقیدەکردەوە، هەم توندڕەوەکانیان لەوێ ڕادەهێنا، دەیانکرد بە هاوکارییەك بۆ موجاهیدی ئەفغان بۆ دەرپەڕاندنی کۆمۆنیزم.

با پوختی بکەمەوە، ئەو بارودۆخی نالەباری دوای سەرکەوتنی موجاهیدەکان، نەبوونی حکومەتێکی باش، شەڕی ناوخۆیی، نەزانی و نەشارەزایی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، ئەو نائومێدییە گەورەیەی لە ئەفغانستان درووستکرد، کە سەرەنجام نائومێدی و ناڕەزایی سەلبیی خەڵك زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی محەلی بە ناوی تاڵیبان دروستکرد. ئەوانە بە ئایدۆلۆژیای ئیسلامیی مەدرەسەکانی ئەفغانیی کۆن، زۆر زۆر سەلەفی بە مانای ئەفغانی و حەوزەی هیندی و پاکستانی بوون نەك بە مانای سعودی عەرەبی، پتر ئامانجیان بەڕێوەبردنی ئەفغانستان بوو. جاری یەکەم ئامانجیان بەڕێوەبردنی ناوچەی قەندەهار بوو، بەڵام دوایی کە پەرەیان سەند، دەزگای هەواڵگریی پاکستان خێرا لەگەڵیان تێکەڵ بوو تەماحیان بۆ دروستکردن، یارمەتییان دان، زۆر بە خێرایی ئەوانە بە هاوکاریی پاکستان و سعودیە دەستیان بەسەر ئەفغانستاندا گرت. هەربۆیە گەڕی یەکەمی حوکمی تاڵیبان گەڕێکی زۆر تاریك و خەشن و خوێنڕێژ و پاشکەوتوو بوو. پاشکەوتوویەکەی لە ڕاستیدا مۆدێلی بیرکردنەوەی مزگەوتەکانی ئەفغانستان بوو لە ناوچەی قەندەهار کە هیچ لەگەڵ مۆدێرنیزم تێکەڵ نەبوون، شێوی حکومەتیان زۆر بە سادەیی وەرگرتبوو، ئەو شێوەیە بوو کە لە مێژووی ئیسلامیی کۆندا لەسەردەمانی خولەفای ڕاشیدیندا بەپێی کتێبەکانی ئاینیی خۆیان فێری ببوون. شێوەی حکومەت بەڕێوەبردن بە شێوەیەکی زۆر سادە کە دەبوایە هەڵوەشێنەری دامودەزگای حکومەتی مودێرن و مەحروومکەری ژنان و گەنجان و هەموو پێکهاتەکانی ناسوننی لە ناو ئەفغانستان بن. دوای ئەوە گێڕانەوەی کۆمەڵگەی ئەفغانستانی بۆ زەمانی خەلافەتی ڕاشیدین لە شێوەی جلوبەرگ و ژیان و سادەیی و گوێنەدان بە کار و کاسبی بەمانای نوێی ئەم زەمانە. ئەوە وایکرد کە ئەفغانستان داخلی قۆناغێکی زۆر تاریك و بە ئازار بێت. تاڵیبان کە هاتنە سەر کار هیچ بیریان لە ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی ڕێگەوبان نەدەکردەوە تەنانەت زۆر پێویستیان بە فرۆکەخانەش نەبوو، هەرچەندە بەگەڕیان خستبوو، بەڵام وردە وردە دونیا تێیاندەگەیشت و داوای هیچ پەیوەندییەکی دیپلۆماسییان لە وڵاتان نەدەکرد. خۆیان بە تاکە ویلایەتی ئیسلامی دەزانی کە ئیسلام لای خۆیان جێبەجێ دەکەن. هەڵبەت ئەوە تێکەڵ بوو لەگەڵ کلتووری زۆر تەقلیدیی دینی و کۆمەڵایەتیی ئەفغانستان، ئەوە زەمینەی لەبەردەم ئەفغانی عەرەبی و توندڕەوەکانی عەرەبی تەنگ نەکردەوە. بەپێچەوانەوە قۆستیانەوە، لەگەڵیان تێکەڵ بوون، سەرەنجام لەلایەك تاڵیبان ئەفغانستانی خستە ناو دۆزەخێك بە مانای وشە. لەلایەکی دیکەوە زەمینەی کردەوە کە بنلادن و ئەلقاعیدە زۆر بە ئاسانی سوود لە کەناڵەکانی دیپلۆماسیی دەوڵەتی ئەفغانیی کۆن کە ئێستا بە ناوی ویلایەتی ئیسلامی بوو بکەن بۆ پەیوەندیکردن بە دەرەوە، بۆ هاتووچۆ، بۆ هێنانی توندڕەوان، هەر لە ئەمریکا و ئەمریکای لاتینەوە بگرە تا دەگاتە ئەورووپا و وڵاتانی ئیسلامی.

لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بوو کە ئەمریکا کەوتە بەر پەلامارێکی ئەوتۆ کە لە مێژووی خۆیدا نەیبینیبوو، ئەوە ئەمریکای ناچار کرد کە چاوی خۆی لەڕووی ئەو ئەزموونە بکاتەوە کە خۆی دایینابوو. لەو مۆدێلە ورد ببێتەوە و هەڕەشەکانی تێبگات کە خۆی داوای لە سعودیە کردبوو کارا و چالاك بکرێت. شایەنی باسە کە محەمەد بن سەلمان وەلی عەهدی ئێستای سعودیە، بەر لە دوو ساڵ لە سیمینارێکدا باسی ئەزموونی سعودییەی کرد کە ئەو مەداریسی سەلەفیی توندڕەو بە پێشنیازی ئەمریکا وەکو دەورێك بە سعودیە سپێردراوە و، سعودیە ئەو

دەوری وەرگرتووە و زۆر بە جدیشەوە جێبەجێی کردووە.

دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بوو کە ئەمریکا ئیدی تەواو چاوی گێڕایەوە بەو ئەزموونەی خۆی و کەوتە بەرەنگاربوونەوەی. ئەمریکا ئێستا کەوتە گوشارهێنان بۆ سعودیە کە دەبێت ئەو مەدرەسانە داخات، ئەو مەدرەسانەی کە بەدرێژایی دوو دەیە لەسەرەتای حەفتاوە تا دەگاتە ساڵی (٢٠٠٠) نزیکەی سی ساڵ دروستببوون. بپێچێتەوە، کۆتاییەکەی ئەو نوێبوونەوەیە کە ئێستا سعودیە لە دەوڵەتێکی ئاینیی توندڕەوی داخراودا هەوڵدەدەن خۆیان بکەنەوە بە دەوڵەتێکی مۆدێرنی هەڵبەت نادیموکرات و، لە بەرەی بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندوتیژییە بن کە خۆیان دروستیان کردووە. دەوڵەتانی کەنداویش هەروا.

ئینجا پاش ئەوەی ئەمریکا بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو بەلانسەی ئەزموونی مێژوویی خۆی لەگەڵ توندڕەویی ئیسلامی. بیست ساڵ پێش ئێستا ئەو ڕووداوەی شەڕی ئەفغانستان ڕوویدا، جارێکی دیکە حکومەت کەوتەوە دەستی سەرکردەکان و حزبەکانی موجاهید، بەڵام ئەمجارە موجاهیدەکان کراوەتر بوون لە جاری یەکەم کە لە دوای ساڵی (١٩٩٠) بەولاوە حوکمیان بەدەستەوە گرتبوو. ئەوجارە شەڕ لە نێوان لاباڵەکانی موجاهیدین نەمابوو، بەڵام پاکستان و چین و ئێران زۆر بە فراوانی پشتیوانیی بەردەوامیی تاڵیبانیان دەکرد.

ئەو مقاوەمەتەی تاڵیبان کردی، دوو هۆکاری سەرەکی هەیە، یەکێکیان هۆکاری هەرێمییە کە پاکستان هەر وەکو ئێستاکە دەوڵەتێکی بەهێزبوو. ئینجا گۆڕانکارییەکی دیکەش لە ئاسیای ناوەڕاستدا لە نێوان دەوڵەتان ڕوویدابوو؛ سۆڤییەت ڕووخابوو، دەوڵەتی نوێ دروستببوون کە هەموویان بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر دەکرد. بەڵام لەلایەکی دیکەوە چین لە ئەنجامی پرۆژەی کرانەوەی ئابووری و کرانەوەی ناوخۆیی لەڕووی ئابوورییەوە بوو بە دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی تەکنۆلۆژیی کە لە پرۆژە ئابوورییەکانی خۆیدا لە هەرە دیارتریان پرۆژەی ڕێگەی هەریرە، پاکستان یەکەمین دەوڵەتی سوومەندە کە خێر و بێری ئەم سیاسەتە جیهانییەی دەوڵەتی چینی پێدەگات. بۆیە ئێستا سەرەتای شەڕی ساردە لەدوای ساڵی (٢٠٠١)ـەوە. پاکستان پێگەی جوگرافی وایە کە زۆر بە ئاسانی دەکەوێتە ژێر پاسەوانیی چینی، ئەمریکاش ناچارە ڕەچاوی بکات. ئەوەیە تاڵیبان توانی لەو زەبرە کوشندەیەی پێیکەوت و لە دەسەڵات دەرکرا، هەروەها مەدرەسەکانی توندڕۆی ئیسلامیی تیرۆر هەموویان تێکشێنران و سەرکردەکانیان بە تایبەتی بنلادن کوژرا، ئەم بەردەوامیی شەڕی ناو ئەفغانستان لە ماوەی بیست ساڵدا ئەو دەستتێوەردانی هەرێمی و سیاسەتی جیهانی وایکرد کە تاڵیبان ببووژێتەوە و جارێکی دیکە خۆی بگرێتەوە، دەستبکاتەوە بە شەڕ.

هۆکاری دووەم، ئەمریکا ئەو هاریکارییە تەکنیکی و ماڵی و سەربازییەی بۆ ئەفغانستان کردی کە لەوانەیە لە مێژووی ئەمریکادا بێوێنە بێت، لەم بیست ساڵەدا نوخبەی سیاسیی ئەفغانستان کە سەرکردەکانی کۆنی ئەفغانستان و ئیمتیدادی ئەوان بوون وەکو ئەوەی دووەم، هاتنە پێشەوە و لە جیاتی بونیاتنانی ئەفغانستانێك کە پایەی کۆمەڵگەی ئەفغانستانی پتەوتر بکات، بە شێوەیەکی زۆر پاشکەوتووانە کەوتە دروستکردنی بەرژەوەندیی خۆیان و لە سەرۆکی کۆمارەوە تا سەرکردەکانی دیکەی سەربازی و ناوچەیی تەنیا خەریکی ڕووتاندنەوەی دامودەزگای حکومەت بوون، وایکرد کە جارێکیتر ئەفغانییەکان سەرباری ئەوەی شەڕەکەیان هەندێك لەکۆڵ ببووەوە، بەڵام نائومێدییەکەیان لە حکومەتی جاری دووەمی موجاهیدین دەستپێبکاتەوە. ئەوە بوو ئەمجارە بێلایەنییان نواند لە نێوان تاڵیبان و حکومەت، بۆیە تاڵیبان دەیتوانی ڕۆژانە لەکوێ بیەوێت کاری تیرۆر و شەڕی خۆی بکات و، خەڵکی ئەفغانستان لەوەدا بێلایەن بن. ئیتر هیچ پرد و پێناوێك لەنێوان موجاهیدی دوێنێ کە ئەمڕۆ حاکمن و لە نێوان خەڵکی ئەفغانستاندا نەما، تەنانەت سوپای ئەفغانستان سوپایەکی شکلی بوو کە ئەمریکا دەستی لێ کردەوە دادەرما. سەرەنجام ئەمریکا گەیشتە ئەنجامێك کە دەکرێت پوختەی لەو قسەیەی (جۆ بایدن) ببینین کە گوتی: «دەوڵەتێك خۆی شەڕ نەکات، ئێمە چۆن دەتوانین بیست ساڵ لە شەڕ لە جیاتی ئەو بەردەوام بین، یەك تریلیۆن دۆلارمان لەوێ سەرف کردووە، لەگەڵ ئەو هەموو کوژراوانەی داومانە». ئەوەیە لە (٢٠١٨)وە گفتوگۆ لەنێوان ئەمریکا و تاڵیبان دەستپێکرد بۆ ئەوە قەتەر

**بە مەنتیق ناکرێت ئەمریکا دەستی نێتاڵیبان بکاتەوە چی دەوێت بیکات. هەر بۆیەش لە (٢٠١٨-٢٠٢١) سێ ساڵ لەگەڵیاندا لە گفتوگۆدا بووە و ئەو گفتوگۆیە لە ئاستێکی بەرزدا بووە**

**ئێستا سەرکردایەتییەکی گەنجی هێمنی سیاسی لە تاڵیبان هەیە، ئەمە تاکوێ بڕەدکات، تاکوێ ڕاست دەکەن، کە حکومەتیان کەوتەبەردەست تاکوێ پابەند دەبن بە بڕیارەکانی خۆیان، هەر دەبێ چاوەڕوان بین**

**لە هەموو دۆخێکدا تاڵیبان کەمێک باسی ئیسلامی سیاسی و توندڕەوەکانی دینی لە کوردستان ژیاندووەتەوە. بەڵام سەردەمی توندڕۆیی سیاسی و ئاینیی تێپەڕیوە**

کرایە وێستگە. قەتەر بە فەرمی نووسینگەیەکی بۆ تاڵیبان کردەوە، لە ناو تاڵیبانیشدا وەکو ئێستا دەبینین گۆڕانکاری دەستپێکردووە. ئەم بیست ساڵە بەشی زۆری سەرکردە تەقلیدییەکانی تاڵیبان یان مردوون، یان پیر بوونە و پاشەکشەیان کردووە. نەوەی دووەمی تاڵیبان هاتووەتە پێشەوە، ڕاستە ئیمتیدادی کۆمەڵگەی ئەفغانین بەڵام ئەمانە لە دەرەوەی ئەفغانستان ژیاون، دونیایان بینیوە، چاویان کراوەتەوە، بۆیە بزووتنەوەی تالیبان ئێستا پتر حزبێکی سیاسییە، سوودیان لە ئایدۆلۆژیا توندڕەوەکە کردووە بۆ ئەوەی بزووتنەوەکە بەردەوام بێ، تاکو پاشەکشە بە حکومەتی ناوەندی بکەن. سەرەنجام کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا و لەگەڵ حکومەتی ئەفغانستانیش کە موجاهیدەکان بەڕێوەیان دەبرد.

هەڵبەت لێرەدا تاڵیبان کە هاتەوە ناو ئەفغانستان، ئەوەی کە بینیمان تاڵیبانێکی خوێنڕێژی وەکو جاران نیە بەلانی کەم تاکو ئێستا. لە ڕوانگەی نوێدا کە دەریانبڕی زۆر بە خێرایی ویستیان دونیا بە متمانەوە تێبگەیەنن پابەندە بەو پەیمانەی لەگەڵ ئەمریکا بەستوویەتی. بە گوێرەی ئەو پەیمانەی لەگەڵ ئەمریکا بەستوویانە تاڵیبان پەیمانی داوە یارمەتیی هیچ هێزێکی تیرۆر نەدا، نابێت پێگەیان لە ئەفغانستان هەبێت. بە هیچ شێوەیەك باوەڕیان بە سدوری ئایدۆلۆژیای ئیسلامی نییە، تەفسیری ئەوان بۆ نیزامی ئیسلامی هەمان تەفسیرە تەقلیدییەکەی جارانە کە هیچ پەیوەندی بە مەدرەسەکانی سەلەفیی سعودییەوە نیە کە سەرەنجام بنلادنی لێکەوتەوە. لەو ئەزموونەی کە لەگەڵ بنلاندن کردیان، سەرەنجام لەسەر ئەلقاعیدە ئەفغانستانیان دانا، وێدەچێت فێری سیاسەت وفێری پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان بووبن. ئۆرگانەکانی تالیبان بۆیان نیە کە لە یاساکانی نێودەوڵەتی لابدەن، دانیان بە بەشێکی زۆری مافەکانی مرۆڤ داناوە، یان بەسەریاندا سەپاندوونە. بەشێوەیەکی میانڕەوی ئیسلامی مامەڵە لەگەڵ ژنان و دینەکان بکەن و، ئەوەی کە بینیمان لە لێدوانی قسەکەری ڕەسمیی تاڵیبان لە کابول، بڕوایان بە گەشەسەندنی ئابووری هەیە، باوەڕیان بە دەستکەوتە زانستییەکان هەیە، دەست لە کاروباری حزبەکان و دامودەزگای ڕاگەیاندنی سەربەخۆ نادەن، هەروەها زۆر بە خوێنساردی سەیری ئەو نارەزایەتی و ئەو پشێوییە دەکەن کە لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی کابولدا هەیە، هەروەها لەگەڵ سەرکردەکانی موجاهیدینی کۆن و سەرکردەکانی حکومەت کە لەگفتوگۆکاندا بەشداربوون، وەکو (عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا) و (حامید کارزای) زۆر بە هێمنی لە پەیوەندیدان، بەردەوام دەڵێن ئێمە حکومەتێکی ئیئتلافی درووستدەکەین. داوایان لە هەموو دونیا کرد کە وەکو دەوڵەتێك مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، بەڵام باسی تایبەتمەندیی خۆشیان دەکەن. ئەو تاڵیبانەی ئێستا لە سەرکردەکان و بیروباوەڕەکەیاندا، تاڵیبانی گەڕی یەکەم نییە، بەڵام تەواو نەگۆڕاوە. دەبێ چاوەڕوان بین بزانین چەند ئەو بەڵێنەی داویانە، ئەو هێمنییەی لەو ناو ئەفغانسان پێیەوە پابەندن، لەکاتێکدا ئەمریکاش هەر لەوێ ماوە و لە گفتوگۆیان بۆ درووستکردنی حکومەتی ئیئتلافیی داهاتوو و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی حکومەت پابەند دەبن. بە مەنتیق ناکرێت ئەمریکا دەستی تاڵیبان بکاتەوە چی دەوێت بیکات. هەر بۆیەش لە (٢٠١٨-٢٠٢١) سێ ساڵ لەگەڵیاندا لە گفتوگۆدا بووە و ئەو گفتوگۆیە لە ئاستێکی بەرزدا بووە. چ ئەمیری تاڵیبان بێت، ئاخونزادە، چ مەلا برادەر بێت سەرۆکی مەکتەبی سیاسییان، کاتێك کە قسەدەکەن، هیچ ناکۆك نیە لەگەڵ قسەکەرەکەیان لە کابول و، ئەو پەیمانەی کە لەگەڵ ئەمریکا بەستوویەتی. ئێستا سەرکردایەتییەکی گەنجی هێمنی سیاسی لە تاڵیبان هەیە، ئەمە تاکوێ بڕدەکات، تاکوێ ڕاست دەکەن، کە حکومەتیان کەوتەبەردەست تاکوێ پابەند دەبن بە بڕیارەکانی خۆیان، هەر دەبێ چاوەڕوان بین.

لە هەموو دۆخێکدا تاڵیبان کەمێك باسی ئیسلامی سیاسی و توندڕەوەکانی دینی لە کوردستان ژیاندووەتەوە. بەڵام سەردەمی توندڕۆیی سیاسی و ئایینی تێپەڕیوە، ئەمریکا لە ئەفغانستان بە ڕێککەوتن کشاوەتەوە، ئەمریکایەکی لاواز نییە. واز لە بەرژەوەندییەکانی خۆیشی ناهێنێت، کۆمەڵگەی جیهانییش کۆمەڵگەیەکە زۆر سوور و چاوکراوەیە لەسەر مافەکانی مرۆڤ، لەسەر هەڵسوکەوتی دەوڵەتان. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەیەکەوە هاتن داعشیان لە عێراق و کوردستان و سوریا لەناوبرد، ڕێگە نادەن دەوڵەتێکی دیکەی داعش یان باوکی داعش جارێکی تر لە ئەفغانستان هەمان ڕێگە بگرێتەوەبەر. مەنتیق ئەوە قبوڵ ناکات و قسەکانی سەرکردەکانی

**ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەیەکەوە هاتن داعشیان لە عێراق و کوردستان و سوریا لەناوبرد، ڕێگە نادەن دەوڵەتێکی دیکەی داعش یان باوکی داعش جارێکی تر لە ئەفغانستان هەمان ڕێگە بگرێتەوەبەر. مەنتیق ئەوە قبوڵ ناکات و قسەکانی سەرکردەکانی تالیبانیش ئێستا ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە**

**ئێمە لە کوردستاندا بارودۆخمان وەکو ئەفغانستان نیە، کوردستان دۆزەکەی لە دۆزی ئەفغانستان زۆر جیاوازە. ئێمە میللەتێکین کە دونیا دوای سەد ساڵ بیری هاتووەتەوە کە چیدیکە ئەو میللەتە لە چوار پارچەدا قڕ نەکرێت و وەکو ئینسان مافی پێ بدرێت**

تالیبانیش ئێستا ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە. تاڵیبان بۆخۆیان پێویستییان بە فێربوونە ئەگەر بیانەوێت پێشکەون. بۆیە هیچ ئایدۆلۆژیا و ڕوانگەیەکی نوێیان پێ نییە تا لایەنگرانی ئیسلامی سیاسی شانازی پێوە بکەن، یان بیانەوێت لێی فێربن. ئەوەی دیکەیان لە کوردستان لێی فێر بین ئەوەیە؛ بۆچی دەوڵەتی ئەفغانستان ڕووخا؟ بۆچی ئەزموونی مەدەنییەت تووشی تەنگوچەڵەمە بوو؟. لە ڕاستیدا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی زۆر سادە و پاشکەوتووی نوخبەی سیاسی کە هەمان نوخبەی شۆڕشگێڕی پێشدانی ئەفغانستان بوون. ئێمە لە کوردستاندا بارودۆخمان وەکو ئەفغانستان نییە، کوردستان دۆزەکەی لە دۆزی ئەفغانستان زۆر جیاوازە. ئێمە میللەتێکین کە دونیا دوای سەد ساڵ بیری هاتووەتەوە کە چیدیکە ئەو میللەتە لە چوار پارچەدا قڕ نەکرێت و وەکو ئینسان مافی پێ بدرێت. کێشەی کورد وەکو کێشەی یەهود وایە لە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا. قەرزێکە بەسەر زەمیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا و ئەوروپادا کە دەیانەوێت بیدەنەوە، بەوەش سەقامگیرییەك دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .

کورد هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکا و ئەوروپا بووە، کورد پارەی لە ئەمریکا و ئەوروپا نەویستووە، سەربازێکی ئەمریکا و ئەوروپا لە کوردستان نەکوژراوە و شەڕی نەکردووە، بەپێچەوانەوە کوردستان بە هێزی پێشمەرگە و میللەتی خۆی بەداهات و قبوڵکردنی مەحرومییەتی گەمارۆی عێراقی و شەڕ بەسەرخۆیدا، مقاوەمەتێکی گەورەی کرد و داعشی تێکشکاند. کورد لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان لە دوو بەشی کوردستان داعشیان تێکشکاند، ئەمریکا و دونیا قەرزاری کوردن، مەمنوونی کوردن، ئەو پارەیەی لە ئەفغانستان سەرفیان کردووە لە کوردستان هەرگیز سەرفیان نەکردووە. لە کوردستان بەپێچەوانەوە لەوانەیە پارەیان زۆر کەم سەرف کردبێت، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا زۆر باش پارێزراون. هەربۆیە سەرکردەکانی ئەمریکا کە گلەییان هەبێت لە خراپ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ و بەهێزنەبوونی کوردستان لەو سی ساڵەدایە. دەیانەوێت کوردستانێکی بەهێز هەبێت، سەرباری ئەوەی لەگەڵ عێراقدا ماوەتەوە، بەڵام دەوڵەتێکی بەهێزی ئابووری بێت بە ناوی کوردستان و هیچ گوێ بە عێراقیش نادەن لە پەیوەندییە ئابووری و سەربازی و ئەمنی و سیاسییەکانی خۆیاندا. لەوەوە فشارێك دەکەوێتە سەر نوخبەی سیاسی و ڕوانگەی سیاسیی ناو هەرێمی کوردستان کە دەبێ زۆر بەخێرایی بە تەنزیمی بزووتنەوەی سیاسیدا بچنەوە. واتا تێکڕای حزبەکان و کەسە سیاسییەکان و ناوەندەکانی سیاسی بکەونە گفتوگۆ و دیبەیت لەگەڵ یەکتری، جارێکی دیکە لەسەر ئەو دۆزانە گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی هاوبەش هەبێت، دوایی دڵنیاییەك بە ناوخۆ و دونیا بدەن کە یەکپارچەیی لە ڕوانگە بۆ داهاتووی کوردستان لەلای هەموو حزب و کەسایەتییەکان هەیە، بە جیاوازیی هەموو بیروباوەڕەکانی سیاسی و ئایدۆلۆژی کە لە نێوانیاندا هەبێت. هی دووەم قبوڵکردنی ڕوانگەیەکی نوێی واقیعی زانستییە کە ئەزموونی دونیایە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، یان دامەزگای حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە کۆتایی بەو گەندەڵییە بێنێت کە میللەتی ئێمە زۆر لێی نارازییە، زۆر لێی بێزارە.

نائومێدی و بێلایەنی سەلبی لەناو میللەتی ئێمەشدا دەستیپێکردووە کە هیچ پەیوەندی بە شێوەی ئەفغانستانەوە نییە، بەڵام دوو ئەزموونی ڕۆژهەڵاتیی ناوەڕاست و مسوڵمانین کە یەکیان ڕووخا و ئەوەی تریان جاریێ وا هەر دەژی و توانای گەشەکردنی هەیە. دەبێ بەخێرایی نوخبەی سیاسیی شۆڕشگێڕیی وڵاتی ئێمە لەو حەقی شۆڕشگێڕانەی خۆی پاشەکشە بکات، پتر یارمەتی نەوەی نوێ بدات تا ڕوانگەکانی بێنێتە مەیدان بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارەیەکی باشی کراوە کە توانای گەشانەوەی بازاڕ و گەشاندنەوەی ئابووری ناوخۆی هەبێت و، ژیانی میللەت خێرا بگۆڕێت و لە ژیان و ئاسایشی خۆی دڵنیابێت.

پێموایە دەبێ ئەو دەرسانە هەڵێنجین کە هیچ پەیوەندی بە ئەفغانستانەوە نییە، بەڵکو ئەفغانستان بە بیرماندا دێنێتەوە کە هاوپەیمانی ئێمە و ئەفغانستان کاتێك کە بینی ئەفغانییەکان هیچ کەڵکیان نەماوە، بێڕەحمانە بەجێیهێشتن. دەبێت بزانین ڕۆژێك ئەمریکا کوردستانیش بەجێدەهێڵێت و، بەشێوەیەك بەهێزبین کە خۆمان لە دامەزراوەی نێودەوڵەتی جێگەمان بووبێتەوە کە هیچ وڵاتێك نەتوانێت دەستمان بۆ درێژبکات، ڕێگەکانمان کراوە بن و، گەشەسەندن و ژیان لە کوردستان بەردەوام بن.

**کێشەی کورد وەکو کێشەی یەهود وایە لە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا. قەرزێکە بەسەر زەمیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا و ئەوروپادا کە دەیانەوێت بیدەنەوە، بەوەش سەقامگیرییەک دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**دەبێ بەخێرایی نوخبەی سیاسیی شۆڕشگێڕیی وڵاتی ئێمە لەو حەقی شۆڕشگێڕانەی خۆی پاشەکشە بکات، پتر یارمەتی نەوەی نوێ بدات تا ڕوانگەکانی بێنێتە مەیدان بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارەیەکی باشی کراوە کە توانای گەشانەوەی بازاڕ و گەشاندنەوەی ئابووری ناوخۆی هەبێت**



شیروان دووبەردانی

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# لە کەرکووک پارتی پشتئەستورە بەو جەماوەرە ڕەسەنە کوردستانییەی هەیەتی

# پارتی بە بێ هاوپەیمانێتی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات و زۆرترین کورسی بەدەست دەهێنێت

**لەگەڵ جەختکردنەوەی لایەنە فەرمی و پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییە پێشوەختەکەی عێراق لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا و، هاوشان بە بڕیاری ڕەوتی سەدر بۆ پاشگەزبوونەوە لە بایکۆتکردنی بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنانە، ئەوا ئاماژە و ئاراستەکان بەو ئاقارەدان کە هەڵبژاردنەکە لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت، ئاشکرایە کە بە هۆی گۆڕینی یاساکەیەوە هەڵبژاردنێکی جیاواز دەبێت، هەموو ئەمانە و پرسی ئامادەکاری و کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە متمانە و باوەڕبەخۆبوونەوە بۆ بەشداری لەم هەڵبژاردنانەدا، بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ شیروان دووبەردانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان.**

*** پێش ئەوەی بێینە سەر بابەتی سەرەکیمان، کە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقە، پرسیار ئەوەیە، ئایا بارودۆخی سیاسیی ئیستای عێراق چۆن دەخوێننەوە؟ ئایا ئەم بارودۆخە تا چەند لەبارە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد؟**

- بێگومان ئێمە چەند لە ڕۆژی هەڵبژاردن نزیك ببینەوە، ئەوا ململانێی نێوان حزب و هێزە سیاسییەکان توندتر دەبێت، لە ناوچەکانی سوننە و شیعەش ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە جاران جیاوازتر دەبێت، چونکە سیستەمەکە فرەبازنەیە و خەڵکەکەش ئەمڕۆکە لە بەرامبەریان گۆڕاون و چەندین شەهید و بریندارییان لە خۆپیشاندانەکان داوە، بۆیە من ئاوای دەبینم چەند نزیك ببینەوە لە هەڵبژاردن هەندێك بارودۆخی نائارامی دروست دەبێت، بە هۆی بوونی چەندین میلیشا و هێزی چەکدار و بوونی چەندین جۆری چەکی نایاسایی کە کاریگەری دروست دەکات لەسەر دەنگدانی هاووڵاتی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، هەروەها لە دونیادا هەڵبژاردن نییە ١٠٠٪ پاك و بێگەرد بێت، بەتایبەتی لە ناوچەکانی خۆمان کە لە ٢٠٠٣وە چەندین هەڵبژاردن ئەنجام دراون، ئایا ئێستا تا چ ڕێژەیەك خەڵك باوەڕی بە حکومەت و بە کۆمیسیۆن هەیە کە ئەو هەڵبژاردنە پاك و بێگەردە، بە تەئکید ئەم هەڵبژاردنەش ئەو پاکییە نابێت کە چاوەڕێ بکەین و زۆ کەس و لایەنی سیاسی ئاگادارین کە کارتی دەنگدان ئامادە کراوە بۆ ئەوەی لە ڕۆژی هەڵبژاردن ئەو کارتە ساختەکارییانە بەکاربێنن.

*** هەلمەتی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەستی پێ کردووە، لە هەمانکاتدا کۆمەڵێك هێزی سیاسییش لە پرۆسەکە کشاونەتەوە، ئایا چۆن سەیری پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکەن؟**

- وادیارە لە ڕۆژی دیاریکراودا کە ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١یە هەڵبژاردنەکە ئەنجام دەدرێت و، ئەو لایەنە سیاسییانەی ڕایانگەیاندووە لە هەڵبژاردنەکە دەکشێنەوە، ئەمانەش بە بڕیارەکەیاندا دەچنەوە و وەك ئەوەی دیتمان کە سائیرون لە بڕیارەکەی پاشگەز بووەتەوە و لە وتارێکیدا موقتەدا سەدر بەشداری خۆیانی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە ڕاگەیاند و بەشداریکردنی بە گرنگ و گۆڕانکاری گەورە دانا لەو هەڵبژاردنەدا، چونکە بۆیان دەرکەوتووە هەر وەك ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ی لێ دێت، کە چەندین لایەن و هێزی سیاسی بەتایبەتی لە سوننە لە هەڵبژاردن کشانەوە و موقاتەعەی سیاسییان لە عێراق کرد، ئەوانە زۆر زەرەرمەند بوون، هەر لەو کاتەوە تا ئێستاکە بە بۆچوونی من ئەوە هەڵەیەکی ستراتیژی بوو کردیان، هەر بۆیە ئێستاکەش ئەو لایەن و حزبانەی بڕیاری کشانەوەیان داوە لە هەڵبژاردنەکە، بەتایبەتی سائیرون لە بڕیارەکەیان پەشیمان بوونەوە و دەگەڕێنەوە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن و بەشدار دەبن.

**پارت و حزبەکانی عێراق بە شیعە و سوننەوە سەردانی جەنابی بارزانی دەکەن و ڕۆڵ و پێشنیارەکانی بە هەند وەردەگرن و بۆیان ڕوون بووەتەوە هیچ گرفت و بارودۆخێک ناگاتە چارەسەر و کەناری ئارامی ئەگەر جەنابی سەرۆک بارزانی پشتگیریی چارەسەرکردنی نەکات**

**بۆ هەموو لایەن و حزبێک لە عێراق و کوردستان ڕوون بووەتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان کاریگەری و قورسایی زۆر بەنرخ و گەورەی هەیە لە پارسەنگ و چارەسەری کێشەکانی عێراقدا**

**ئەو زەمینە و بارودۆخە لەبار نییە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بتوانێت بە ئارەزووی خۆی و بەپێی پێویست کە یاساش ڕێگای پێ داوە، بانگەشە بۆ کاندیدەکانی لە کەرکووک بکات**

**شاندەکەی پێشمەرگە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای سەربازیی عێراق گفتوگۆیان لەبارەی پێکهێنانی دوو لیوای هاوبەش بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کردووە**

*** پارتی دیموکراتی کوردستان وەك لایەنیکی سیاسیی گرنگی کوردستانی و عێراقی دەستی کردووە بە بانگەشەی هەڵبژاردن، ئایا پارتی لە چەند پارێزگای عێراق کاندیدی هەیە بۆ ئەم هەڵبژاردنە و تاچەند ئومێدی ئەوە هەیە هەر بە هێزی یەکەم لە هەڵبژاردنەکان بمێنێتەوە؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، پێویستە سەیری هاوکێشە سیاسییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بکەین، کە لەمەشدا دەبینین و بۆ هەموو لایەن و حزبێك لە عێراق و کوردستان ڕوون بووەتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان کاریگەری و قورسایی زۆر بەنرخ و گەورەی هەیە لە پارسەنگ و چارەسەری کێشەکانی عێراقدا و ڕۆڵی جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر دیار و گرنگە لە چارەسەری کێشەکاندا، بەتایبەتی دەبینین هەموو لایەن و کەسایەتی و سەرۆکی پارت و حزبەکانی عێراق بە شیعە و سوننەوەش سەردانی جەنابی بارزانی دەکەن و ڕۆڵ و پێشنیارەکانی بە هەند وەردەگرن و بۆیان ڕوون بووەتەوە هیچ گرفت و بارودۆخێك ناگاتە چارەسەر و کەناری ئارامی ئەگەر جەنابی سەرۆك بارزانی هەوڵی جددی و پشتگیری چارەسەرکردنی نەکات. بێگومان لەبارەی ئەو هەڵبژاردنەوەشەوە کە بەپێی یاسای نوێیەکە و ئەو سیستەمی فرەبازنەییەش کە دانراوە، پارتی دیموکراتی کوردستان هەر بە یەکەمی دەمێنێتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان لەو هەڵبژاردنەدا لە کوت و کەربەلاو ئەنبار و سەلاحەدین و دیالە و بەغدا و هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان و کەرکووك و مووسل کاندیدی هەیە و، بە تەئکید پارتی دیموکراتی کوردستان هەر یەکەمە و زۆرترین کورسی دەهێنێت و یەکەم حزبە بەبێ هاوپەیمانی لەسەر ئاستی هەموو عێراق لە هەڵبژاردنەکە بەشدار دەبێت.

*** لەگەڵ ئەوەی لە یەك دوو ساڵی ڕابردوو هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئەوەی بارودۆخی ناوچە کێشە لەسەرەکان ئاسایی بکرێتەوە، بەڵام هەتا ئێستا وەك خۆیەتی، ئایا تاچەند بوار دراوە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئازادی بانگەشەی هەڵبژاردن بەڕێوە بەرێت؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوای ڕیفراندۆم چەندین ساڵە لە هەوڵدانی ئەوەدا بووە بۆ گەڕاندەوەی ئەو ناوچانە، هەر لە شنگالەوە تا دیالە، بەڵام چەندین میلیشیا و هێزی چەکدار و لایەنی دیکەش قبووڵ ناکەن پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە و ڕێگر و کۆسپ دروست دەکەن لە بەردەم گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە و بەشداربوونی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چونکە دەزانن پارتی بگەڕێتەوە بەهێز و توانای گەورە و کاریگەریی خۆی دەگەڕێتەوە و ئەو خەڵك و جەماوەرەی لەو ناوچانە هەیە، زیاتر باوەڕ و متمانەیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی پێشمەرگە هەیە. هەوڵ و گفتوگۆ و دانیشتنی زۆریش کرا لە ڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی عێراق و خودی پارتییشەوە بۆ گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پارتی بۆ ئەو ناوچە و شوێن و شارانە، بەڵام چەندین میلیشیا و لایەنی عێراقی و چەندین کەس و لایەنی دیکەش کە بە کورد هەژمار دەکرێن، بەداخەوە قبووڵیان نەبوو ئەو کار و پرۆسەیە بکرێت و پێشمەرگە و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە، هەروەها لەم ڕۆژانەدا هەوڵ هەبوو بۆ گەڕانەوەی ناوچەی پارتی بۆ مووسل و مەخموور و کەرکووك کە ئەمە وەك پلانی یەکەم لە دوای ئەمەش لق و هێزی پێشمەرگەش بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بگەڕێنەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان لەو هەڵبژاردنە لە مووسل یەکەم دەبێت و زۆرترین کورسی مسۆگەر دەکات، بەتایبەت لە ناوچە کوردستانییەکان کە چاوەڕوان دەکرێت لە ٧تا٩کورسی بەدەست بێنێت و لە کوت و سەلاحەدین و بەغداش کاندیدمان هەیە، لەو شوێنە دوو لە کاندیدەکان برایانی عەرەبن و چاوەڕوان دەکەین لەو شارانەش کورسی بەدەست بێنین، هەر بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو هەڵبژاردنەش لەسەر ئاستی عێراق هەر بە یەکەم دەمێنێتەوە.

*** کەرکووك کە سەرچاوەی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و عێراقە، لە هەڵبژاردنی ڕابردوو پارتی بایکۆتی کرد و هیچ کاندیدکی نەبوو، ئەمجارە پارتی کاندیدی هەیە و بەشدار دەبێت، ئایا ئەو ڕێوشوینانە چین کە پارتی بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە لە کەرکووك دەیگرێتەبەر؟ ئایا ئەو زەمینەیە هاتووەتە پێشەوە کە پارتی بتوانێت بە ئازادی لە کەرکووك بانگەشەی هەڵبژاردن بکات؟**

- نەخێر، ئەو زەمینە و بارودۆخە لەبار نییە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بتوانێت بە ئارەزووی خۆی و بەپێی پێویست کە یاساش ڕێگای پێ داوە، بانگەشە بۆ کاندیدەکانی لە کەرکووك بکات، چونکە هەندێ لایەنی سیاسی و میلیشاکانی ناو کەرکووك ناهێڵن پارتی بە ئازادی بانگەشە



بکات، یان کاندید هەوڵ و کاری پێویست بۆ خۆیان ئەنجام بدەن، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان پشت ئەستوورە بە جەماوەری دڵسۆز و چاونەترسی کەرکووك و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و جەماوەری کوردی ڕەسەنی کەرکووك کە دەنگ بە هەر دوو هەڵبژێری پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن و ئەو ئاوارانەی کە لە هەولێر و شوێنی دیکەن کە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر شاری کەرکووك و ناوچە و شوێنەکانی دیکەیان بەجێهێشتووە کە ئەمانە بە دڵنیاییەوە چاوەڕوانی ڕۆژێکی وەك ئەم هەڵبژاردنە دەکەن، کە بتوانن هەق و مافی خۆیان مسۆگەر بکەن و، بوونی خۆیان لە کوردستانیەتی کەرکووك بسەلمێنن و دەنگ بە کاندیدانی پاتی دیموکراتی کوردستان بدەن، کە بەمەش کورسییەك، یان دوو کورسی بەدەست بێنین و نوێنەری کوردستانییەتی کەرکووك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەیان بکات. بەڵام ئەمەش پێویستی بە سەقامگیری و دڵنیایی ئاسایش هەیە بۆ ئەو مەبەستە پێویستە ڕێککەوتن لەنێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی ناوچە کێشە لەسەرەکان ئەنجام بدرێت، هەر بۆ ئەو کارە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو شاندێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەردانی بەغدای کردووە و ئەو سەردانەش تەواوکەری سەردانەکانی پێشووەترە بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرپرسانی سوپای عێراق دانیشن و بگەنە ڕێککەوتنێك و بڕیارێکی هاوبەشی دەربکەن، بۆ پاراستنی ناوچە کێشە لەسەرەکان کە لە کۆبوونەوەکاندا شاندەکەی پێشمەرگە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای سەربازیی عێراق گفتوگۆیان لەبارەی پێکهێنانی دوو لیوای هاوبەش بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کردووە. بێگومان بەهۆی دروستبوونی ئەو دوو لیوا هاوبەشە ئەوا دابینکردنی ئاسایش بۆ دەنگدەرانی ناوچە کوردستانییەکان لە هەڵبژاردنەکە تا ئاستێکی زۆر دەستەبەر دەبێت.



**ئاگرین عەبدوڵڵا**

بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بۆ گوڵان:

# لە ماوەی دوو ساڵی کابینەی نۆیەم ٤٨ پڕۆژەی ڕێگاوبان بە بودجەی ٧١١ ملیار و ٤٨٠ ملیۆن دینار جێبەجێ کراون

# لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەڕ ئەنجام دەدەین

**ڕێگاوبانەکانمان بە شادەماری ئابووری و بەستنەوەی پارێزگا و دەڤەر و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دادەنرێت، ڕێگاوبانەکان و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی تونێل و پرد و بە دوو سایدکردنی ڕێگاوبانەکانی نێوان پارێزگاکان تەوەرەی سەرەکی دیداری گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ ئاگرین عەبدوڵڵا بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.**

*** وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن تا چ ڕادەیەك توانیویەتی لە بواری ڕێگاوبانەکاندا ئەو پلانە ستراتیژییە جێبەجێ بکات کە دایڕشتووە؟**

- لە مانگی تەمموزی ٢٠١٩وە تاکو ئێستا لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٤٨ پڕۆژەی ڕێگاوبان بە درێژیی ١١٠٨ کیلۆمەتر بە بودجەی ٧١١ ملیار و ٤٨٠ ملیۆن دینارمان جێبەجێ کردووە، ئەم پڕۆژانەش ڕێگای جۆراوجۆر و سیانە و چاککردنەوەو قیرکردن لەخۆ دەگرێت، کە گرنگترینیان ڕێگای (هەولێر – کۆباڵە) کە بەشێکە لە دووسایدی ڕێگای نێوان شاری هەولێر و شاری دهۆك و بە شادەمار و ڕێگایەکی سەرەکی دادەنرێت، هەروەها ڕێگای چرە و چەمی پێ دەوترێت و ڕێگایەکی دوو ساید بوو، تەواو کرا، ئەمە وێڕای ڕێگاکانی هەر دوو دیوی تونێلی پیرمام، ڕێگای زاخۆ- باتێلیش تەواو بووە و بە ڕووی هاتوچۆی هاووڵاتیاندا کراوەتەوە.

سەبارەت بە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەرینیش کە زۆرێك لەو پڕۆژانەی کارمان لەسەر کرد لە کابینەکانی پێشوو بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە ڕێژەی جێبەجێکردنی نەچووبووە پێش، لەم ساڵ و لە ساڵی ئایندەی ٢٠٢٢ دا سەرجەم ئەو پڕۆژانە جێبەجێ دەکرێن. گرنگترینی ئەو پڕۆژانەش بریتین لە:

- ڕێگای کەلار – کفری بە درێژیی ٢٥,٦ کیلۆمەتر بە تێچوونی ٥٣ ملیار دینار، پڕۆژەکە لە قۆناغی کۆتاییدایە و پێ دەچێت مانگێکی دیکە تەواو بێت.

**ڕێگای کەلار – کفری بە درێژیی ٢٥,٦ کیلۆمەتر بە تێچوونی ٥٣ ملیار دینار، پڕۆژەکە لە قۆناغی کۆتاییدایە و پێ دەچێت مانگێکی دیکە تەواو بێت**

- ڕێگای دووکان – چوارقوڕنە قۆناغی یەکەم بە درێژیی ١٨ کیلۆمەترە بە تێچوونی ٥١ ملیار دینار و بە دوو سایدکردن و قیرتاوکردنە و لە دوا قۆناغەکانی کۆتاییدایە و لەدوو مانگی داهاتوودا تەواو دەبێت.

**ڕێگای دووکان – چوارقوڕنە قۆناغی یەکەم بە درێژیی ١٨ کیلۆمەترە بە تێچوونی ٥١ ملیار دینار و بە دوو سایدکردن و قیرتاوکردنە و لە دوا قۆناغەکانی کۆتاییدایە و لەدوو مانگی داهاتوودا تەواو دەبێت**

- ڕێگای هەڵەبجە – سەیدسادق کە هێشتا تەواو نەبووە و ئیشوکاری تێدا ماوە و بڕیارە لە دوو مانگی دیکەدا بە فەرمی بکرێتەوە، ئەم ڕێگایە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دوو سایدکردنی نێوان هەر دوو پارێزگای هەڵەبجە و پارێزگای سلێمانی .

- ڕێگای پێنجوین – باشماخ بە تێچوونی ٣٥ ملیار دینارە و کاری تێدا دەکرێت و لە ساڵی داهاتوو تەواو دەبێت.

- ڕێگای دووکان – چوارقوڕنە کە قۆناغی دووەمی ڕێگای نێوان سلێمانی- ڕاپەڕینە و بە درێژایی ٢٣ کیلۆمەتر و بە تێچوونی ٥٦ ملیار دینارە، ڕێگاکە کاری باشی تێدا دەکرێت و لە ساڵی داهاتوو بە ڕووی ڕێبواران و گەشتیاران دەکرێتەوە.

**ڕێگای هەڵەبجە – سەیدسادق کە هێشتا تەواو نەبووە و ئیشوکاری تێدا ماوە و بڕیارە لە دوو مانگی دیکەدا بە فەرمی بکرێتەوە**

**ڕێگای پێنجوین – باشماخ بە تێچوونی ٣٥ ملیار دینارە و کاری تێدا دەکرێت و لە ساڵی داهاتوو تەواو دەبێت**

**ڕێگای دووکان – چوارقوڕنە کە قۆناغی دووەمی ڕێگای نێوان سلێمانی- ڕاپەڕینە و بە درێژیی ٢٣ کیلۆمەتر و بە تێچوونی ٥٦ ملیار دینارە، ڕێگاکە کاری باشی تێدا دەکرێت و لە ساڵی داهاتوو بە ڕووی ڕێبواران و گەشتیاران دەکرێتەوە**

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە ڕێگاوبانەکانیش بپارێزێت، پرۆژەیەکمان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بە ناوی سندوقی پاڵپشتیی ڕێگاوبانەکان، بەوەی ئەو پارەیەی کە بەناوی ڕێگاوبان لە هاووڵاتیان وەردەگیرێت، بۆ نموونە کاتێك هاووڵاتی سەنەویی ئۆتۆمبێلەکەی نوێ دەکاتەوە، ئەو بڕە پارەیەی لێ وەردەگیرێت، ئەو پارانە بدرێتە وەزارەتمان بۆ ئەوەی سیانەی ڕێگاوبانەکانی پێ بکەین و هێماکانی هاتوچۆ و ڕووناکی و ستوونی تەنیشت ڕێگاکان و چاککردنەوەی قیرەکەی پێ بکرێت.

*** یەکێك لەو ڕێگا سەرەکی و گرنگانەی کە زۆرترین گەشتیار و هاتوچۆی لەسەرە ڕێگای نێوان پارێزگای هەولێر و پارێزگای سلێمانییە، ئایا کارەکانی ئەم ڕێگایە بە کوێ گەیشتووە؟**

- بەدوو ساید کردنی نێوان پایتەختی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی کە ڕێگاکە بە تەنیشت شاری کۆیە دەڕوات و پێنج قۆناغ لەخۆ دەگرێت کە بریتییە لە ( هەولێر- کۆیە قۆناغی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم) پاشان بە تونێلی هەیبەت سوڵتان دێتە سەر ڕێگای دوو سایدی دووکان – چوارقوڕنە کە قۆناغی دووەمی کاری تێدا دەکرێت. بە شێوەیەکی گشتی سەرجەم ئەم ڕێگایانە بە شادەمار دادەنرێن، تەنیا ئاستەنگێك لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە گرنگە نەبوونی بودجە و سیولەی نەختینەییە چونکە هەر پێنج قۆناغەکەی هەولێر- کۆیە بودجەیەکی زۆری دەوێت و بە هەر پێنج قۆناغەکە و بە تونێلی هەیبەت سوڵتانیشەوە ٤٦١ ملیار دینارمان پێویستە، ئێمە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بێ ئومێد نەبووین و لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران لە هەوڵداین بۆ دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە گرنگە و بەدووسایدکردنی نێوان هەولێر و سلێمانی، پاشان پارچەیەکی دیکە دەمێنێت کە پێی دەڵێن دووکان- چوارقورنە و دووکان و خەلەکان کە پارچەیەکی زۆر خراپە ماوەتەوە، هەرچۆنێك بێت، تازە دەبێت ئەم پرۆژەیە وەکو پرۆژەیەکی نوێ بخرێتە پلانەوە، چونکە تا ئێستا ڕەزامەندی نەبووە و لە بەرنامەدا نەبووە. بە شێوەیەکی گشتی ڕێگای نێوان هەولێر و سلێمانی بودجە و کاتی پێویستە.

*** ئەی سەبارەت بە گرنگیدان بە پرۆژەکانی دروستکردنی پرد، چ پرۆژەیەکتان لەبەردەستدایە؟**

- پردەکان بەشێکی سەرەکیی پرۆژەکانی ڕێگاوبانن، زۆربەی ئەو پرۆژانەی ڕێگاوبان کە ئاماژەمان پێ دان، پردی لەخۆ گرتبوو، هەندێك پرۆژەی دیکەش لەبەردەستدایە کە تەنیا پردن، وەکو پرۆژەی پردی گۆباڵ، یان پردی زێی گەورە کە لە دوا قۆناغەکانی تەواوبووندایە و هەولێر و دهۆك بە یەکەوە دەبەستێتەوە و ١٠٠٠ مەتر درێژە و بە ٥٩ ملیار دینار دروست دەکرێت و بە درێژترین پرد دادەنرێت لە هەرێمی کوردستان. لە ڕاپەڕینیش پردێکمان هەیە کە قۆناغی باشی بڕیوە و پێی دەوترێت پردی دەربەندی ڕانیە بە تێچوونی ١٢ ملیار دینار جێبەجێ دەکرێت و، ساڵی داهاتوو تەواو دەبێت، ئەم پردە لە بری پردە کۆنەکە دروست دەکرێت.

*** ماوەیەك بوو باسی ڕێگای بەپارە دەکرا، واتا زۆر لەو ڕێگاوبانانە لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە ئەنجام بدرێت، پرسیار لێرە ئەوەیە ئایا پرۆژەی دروستکردنی ڕێگاوبانی خێرا، یان (ئیکس پرێس) لەلایەن کەرتی تایبەت بە کوێ گەیشتووە؟**

- دروستکردنی ڕێگاوبان لەلایەن کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان گفتوگۆی زۆری لەسەر کراوە، دواجار گەیشتوونەتە ئەو بەرنامەیە کە سەرەتا پێویستە ڕێگاوبانێکی باشت هەبێت و دواتر بیر لەوە بکرێتەوە لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە ببینە خاوەنی ڕێگایەکی خێرا. سیاسەتی حکومەتی هەرێم لە بواری ڕێگاوبانەکانەوە ئەوە نییە ڕێگایەکی زۆر خراپت هەبێت، بەبێ بەرامبەر و ڕێگایەکی دیکەی باشت هەبێت بە پارە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر هەر وەبەرهێنەرێك بیەوێت ڕێگای خێرا دروست بکات، ئێمە پێشوازی لێ دەکەین.

*** بابەتی کوالێتی و گرنگیدان بە تاقیگەکانی بیناسازی بایەخی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە بواری دروستکردنی ڕێگایەکی ڕێکوپێك و بە مواسەفات، ئایا تاقیگەکانی ئەندازیاری لەو**

**ئاستەدایە کە بتوانێت کۆنترۆڵی کوالێتیی بەرزی ڕێگاوبانەکان بکات؟**

- تاقیگەکانمان ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە پشکنین و کوالێتیی ئەو کەلوپەل و کەرەستانەی لە پرۆژەکان بەکار دەهێنرێن و بەشێکی زۆریان بروانامەی ئایزۆیان هەیە، لە ئێستادا وەکو بەشێك لە پرۆسەی چاکسازیی هەوڵی ئەوەمان داوە کارەکانیان سەربەخۆ بن و مافی تەواوەتی بەڵێندەر و هاووڵاتی و حکومەت بپارێزن و دواجار پرۆژەیەکی بە کوالێتیی بەرز و باش جێبەجێ بکرێت.

*** خاڵێکی دیکەی گرنگ مەسەلەی ئەو سەرپێچییانەیە کە دەکرێتە سەر ڕێگاوبانەکانی دەرەوە، ئایا لەم بارەیەوە چیتان کردووە بۆ ئەوەی ژیانی هاووڵاتیان بەهۆی ئەم سەرپێچییانەوە نەکەوێتە مەترسییەوە؟**

- بەردەوام داوامان لە هاووڵاتیان کردووە دوور بکەونەوە لە کاری سەرپێچی لەسەر ڕێگاوبانەکانی دەرەوە، چونکە مەترسی بۆ سەر گیانی هاووڵاتیان دروست دەکات، هەروەها لە کاری سەرپێچیکردنە سەر موحەرەماتی تەنیشت ڕێگاوبانەکانیش دوور بکەونەوە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە چەند مانگی داهاتوو بە هاوکاریی یەکە ئیدارییەکان هەڵمەتێکی لابردنی سەرپێچیەکانی سەر تەنیشت ڕێگاوبانەکان و دانانی تاسە دەست پێ دەکات و، سزای ئەو کەسانەش دەدەین کە ئەم کارە نایاساییانە ئەنجام دەدەن و دەبنە هۆی مەترسی بۆ سەر ماڵ و گیانی هاووڵاتیان، داوا دەکەین هاووڵاتیان ڕەچاوی یاسای ڕێگاوبان بکەن و دوور بکەونەوە لەسەرپێچیەکان. بە شێوەیەك بۆ ڕێگای دوو سایەد دەبێت لە سەنتەری نێوان دوو سایدەکە ٥٠ مەتر دوور بکەونەوە و ڕێگای یەك سایدیش ٧٥ مەترە موحەرامەتی ڕێگاوبانەکان واتا ٣٧,٥ مەتر بە ٣٧,٥ مەتر دەبێت، بۆ ڕێگای گوندو ڕێگاکانی دیکەی لاوەکی موحەرەماتی ڕێگاوبانەکان ٥٠ مەتر واتا ٢٥ مەتر بە ٢٥ مەتر دەبێت.

*** هەر لە چوارچێوەی ڕێگاوبانەکانەوە بابەتی تونێلەکان گرنگیی تایبەتیی خۆیان هەیە، ئایا لە ساڵی داهاتوو لەپلانی وەزارەتدایە ژمارەیەك تونێل دروست بکات؟**

- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ژمارەیەکی زۆری تونێلی هەیە، ژمارەیەك لەو تونێلانە تەواو بووە، وەکو تونێلەکانی ئەزمەڕ یەك تویبە لە سلێمانی و تونێلی زاخۆ دوو تویبە بە درێژایی ٣,٥ کیلۆمەترە و هەروەها تونێلی پیرمامیش دوو تویبە و بە درێژیی ٢,٥ کیلۆمەترە کە تەواو بوون و بە ڕووی هاووڵاتیان کرانەوە، ئەو تونێلانەش کە کاری تێدا دەکرێت، بریتیبە لە تونێلەکانی هەیبەت سوڵتان و بەنی حەریر و چیای سۆرك بە درێژای ٤٥٠ مەتر و تونێلی مامە جەرگە بە درێژایی ٤٠٠ مەتر هاتوچۆی تێدا دەکرێت، بەڵام کارکردنی تێدا ماوە. دەمێنێتەوە سەر ئەو تونێلانەی لە پلانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە و گرنگیی ڕاددەبەدەریان هەیە، لەوانە:

- تونێلی مەتین ٤,٧ کیلۆمەتر
- تونێلی کۆڕەك ٧ کیلۆمەتر
- تونێلی پێنجوێن ٥ کیلۆمەتر
- تونێلی دەربەندیخان ٣ کیلۆمەتر

*** زۆر باس لە هێڵی شەمەندەفەر دەکرێت کە بە یەکێك لەو پرۆژە گرنگانە دادەنرێت و ڕۆڵی گەورەی بۆ بەرەوپێشچوونی کەرتی گواستنەوە هەیە، ئایا هەنگاوەکانی وەزارەت لەم ڕووەوە بە کوێ گەیشتووە؟**

- بابەتی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر پرۆسەیەکی زۆر گەورەیە و لەم کابینەیەدا بە جددی کاری لەسەر کرا، وەزارەتمان پرۆژەیەکی بۆ دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر لەبەردەستدایە کە لە ٦ قۆناغ پێك دێت و قۆناغی یەکەمی کە دیراسەتکردنە تەواو بووە و لە ئێستا لە قۆناغی دووەمدایە کە دیراسەی کەڵکی ئابووری پرۆژەکەیە و کۆمەڵێك کۆمپانیای نێودەوڵەتی بانگهێشت کراون و گەیشتووینەتە قۆناغی شیکردنەوەی تەندەرەکان، هەموو ئاماژەکان بەرەو کۆمپانیاکانی ئیسپانیا دەچێت، ماوەی ڕابردووش لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی قسە کراوە کە وەکو کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری هاوکاری و بەشدار بن، بەڵام هێشتا بڕیاری کۆتایی نەهاتووە، بە شێوەیەکی گشتی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر لە ڕووی توانای داراییەوە کە ٣-٤ ملیار دۆلاری تێدەچێت لە توانای دارایی حکومەتدا نییە و دەبێت لە ڕێگەی وەبەرهێنان جێبەجێ بکرێت.

**پرۆژەی پردی گۆباڵ، یان پردی زێی گەورە کە لە دوا قۆناغەکانی تەواوبووندایە و هەولێر و دهۆک بە یەکەوە دەبەستێتەوە و ١٠٠٠ مەتر درێژە و بە ٥٩ ملیار دینار دروست دەکرێت و بە درێژترین پرد دادەنرێت لە هەرێمی کوردستان**

**هەر وەبەرهێنەرێک بیەوێت ڕێگای خێرا دروست بکات، ئێمە پێشوازی لێ دەکەین**

**تاقیگەکانمان ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە پشکنین و کوالێتیی ئەو کەلوپەل و کەرەستانەی لە پرۆژەکان بەکار دەهێنرێن و بەشێکی زۆریان بروانامەی ئایزۆیان هەیە**



# ڕەوشی ئاو لە کوردستان
## بە تایبەتی لە شاری هەولێردا



**پرۆفیسۆر دانا خدر مەولوود**

**بەشی یەکەم**

ئەندامی بۆردی زانکۆی کوردستان- هەولێر
سەرۆکی بەشی شارستانی/کۆلێژی ئەندازیاری/
زانکۆی سەلاحەددین
بۆ گوڵان دەینووسێت

### پێشەکی

لەم ماوەیەی دواییدا بە هۆی کەمیی ڕێژەی باران بارین، بابەتی ئاو بووەتە جێی قسە و باسی میدیاکان لە هەرێمی کورستاندا، هەروەها بوو بە کێشەیەکی دیار کە بانگەشەی بۆ دەکرێت و، جەختی لێ دەکرێتەوە. لە سەرەتاوە پێویستە باس لەوە بکرێت کە ئەگەر لە ساڵێکدا باران نەبارێت، یان لافاو ڕووبدات، ناکرێت کێشەکە گەورە بکرێت، ئەگەر سیستەمێکی تۆکمە و زانستیی پێشوەختە لە ئارادا هەبێت. ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیە بۆ کەمتەرخەمی لە سیاسەت و پاراستنی ستراتیجیی ئاو لە هەرێمی کوردستان و هەموو عێراقدا، چونکە تاکو ئێستا هیچ پلانێکی درێژخایەن بۆ ئەم مەبەستە لە هەرێم و عێراق دانەنراوە، لە هەمان کاتدا دانانی



پلانێکی تۆکمە و پێشوەخت پێویستە بوودجەیەکی زۆری بۆ تەرخان بکرێت. ئەو دیراسەی کە لەم ڕاپۆرتەدا باسی ئاوی حەوزەکانی هەولێر دەکات، تیایدا ڕەوشی ئاوی ژێر زەوی لە هەولێر و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئاو نیشان دەدات. بۆیە دەتوانین بڵێین کە سیاسەتێکی ڕاست و دروستی ئاومان نییە بۆ پارێزگاریکردن لە ئاو و عەمبارکردنی بە شێوەیەکی ئەندازەیی ڕاست و دروست، بۆیە پێویستە پسپۆڕی تایبەت لە بواری زانستی ئەندازەی هایدرۆلۆجی کاری لەسەر بکەن.

ئاشکرایە ئاوی ژێر زەوی سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی دابینکردنی ئاوە لە هەموو جیهان، هەروەها جێگرەوەی ئاوی سەر زەوییە، بەڵام بە مەرجێك بە شێوەیەکی دروست پلانی بۆ دابنرێت.

ئێمە زۆر جار لە میدیاکاندا گوێمان لێ دەبێت کە دەکرێ ئاوی ژێر زەوی پارێزگاری لێ بکرێت، بە بێ ئەوەی بنەمایەکی زانستی هەبێت بۆ بەکارهێنانی بە شێوەیەکی زانستیی گونجاو. بەڕاستی جێی داخە کە ڕۆژانە لە میدیاکاندا بە بێ بوونی بەڵگە و داتای زانستی قسە لەسەر بابەتی ئاو دەکرێت. کە دەبێت پسپۆڕی تایبەت بە زانستی هایدرۆلۆجی ئاو قسە لەسەر ستراتیجیی ئاو بکات. هاوکات پێویستە ڕێگەی زانستی و جێگرەوەی هەبێت، بۆ کاتێك کە ئەگەر بێتو لافاوێك ڕووی دا، ئیفرازی ١و ٢ و٣ و ئیفرازی ٤ لە داهاتوودا هەموو بکەوێتە ژێر ئاوی لافاو، بە مانای ئەوەی کە ئاوەکە لێڵ نابێت بۆ چەند ڕۆژێکی کەم، بەڵکو هەر ئاو نامێنێت بۆ شاری هەولێر، کە پێویستە

**سیاسەتێکی ڕاست و دروستی ئاومان نییە بۆ پارێزگاریکردن لە ئاو و عەمبارکردنی بە شێوەیەکی ئەندازەیی ڕاست و دروست، بۆیە پێویستە پسپۆڕی تایبەت لە بواری زانستی ئەندازەی هایدرۆلۆجی کاری لەسەر بکەن**

**جێی داخە کە ڕۆژانە لە میدیاکاندا بە بێ بوونی بەڵگە و داتای زانستی قسە لەسەر بابەتی ئاو دەکرێت**

**١,٢ ملیار مرۆڤ کێشەی دابینکردنی ئاویان هەیە، وەکو ئاوی خواردنەوە و شوشتن وکشتوکاڵ و ١,٨ ملیار مرۆڤیش کێشەی ئاوەڕۆیان هەیە.**

**لە جیهاندا نزیکەی ٨٠٪ی نەخۆش و ٣٠٪ی مردووەکان بە هۆی پیسبوونی ئاو بووە**

**پیسبوونی ئاوی ژێر زەوی کێشەیەکی سەرەکییە لە کوردستان، لە هەمان کاتدا دیراسەکردن و بەڕێوەبردنی ئاو سنووردارە لە ناوچەکەدا**

پسپۆڕانی بواری ئاو پلانێکی تۆکمە و زانستی بۆ داهاتوو دابنێن و چارەسەری گونجاوی بۆ دابنێن، چونکە ئەگەر لافاوێك ڕوویدات لە تورکیا و ئێران لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ئاوەکە لەوێیە، ئەوکاتە ئێمە ئاوێکی لێڵمان بۆ دێت. کە لە زانستی هایدرۆلۆجی شتێکی زانراوە، ئایا پسپۆڕان پلانی گونجاویان بۆ داناوە؟ ئایا چارەسەری جێگرەوە بۆ ئەم کێشەیە هەیە؟

وەك ئاشکرایە کێشەی گەورە ئەوەیە کە ئەگەر ماددەیەکی کیمیایی ژەهراوی، یان پاشماوەی کارگەیەکی کیمیایی لە تورکیا و لە ئێران لەگەڵ ئاوەکە تێکەڵ بوو کە تووشی پیسبوونی ئاو بوو، ئەو کاتە ئاوەکە ئیمکانیەتی خاوێنکردنەوەی نامێنێت، چونکە توانای خاوێنکردنەوەی ئاو سنووردارە. مانای وایە خەڵکەکەی هەموو ژەهراوی دەبێت. ئایا تا ئێستا بیر لەو ڕوودانە کراوەتەوە؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، لەبەر ئەوە دەبێت حکومەت بە پلەی بنەڕەتی کێشەی ئاو بخاتە ئەستۆی خۆی و ستراتیجییەکی ڕاست و دروستی ئاو بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات، چونکە سامانێکی زۆر گەورەیە بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی عێراق، دەکرێت ببێتە بابەتێکی زۆر باش کە سوودی لێ وەربگیرێت، هەم لە بواری ئابووری هەمیش سیاسی، هەروەها دانانی سیاسەتی ئاو. لە هەمان کاتدا داڕشتنی سیاسەتی ئاو پلانێکی زۆر درێژخایەنە کە بوودجەکی زۆر گەورەی دەوێت، بەڵام دەکرێت پلانێکی ڕاست و دروست هەبێت هەنگاو بە هەنگاو دەست پێ بکەین بۆ ڕووبەڕووبەنەوەی ئەو ئەگەرانەی کە دێنە پێشمان. ئەگەری زۆر گەورە و بچووك هەن، ئەو ئەگەرەی کە ئێستا ڕوویداوە، ئەگەرساڵێك باران نەبارێت، کێشە نییە بە بەراورد لە گەڵ ئەو ئەگەرەی کە لافاو لە تورکیا و ئیران ڕوبدات، کە ئاوەکەی لێڵ کردووە، ئەدی ئەگەر لافاو لە هەولێر ڕوبدات و ئەگەر ئیفرازەکان تێکچوون، ئەی چارەسەری جێگرەوە بۆ ئەم حاڵەتە چییە؟ لێرەدا دەتوانرێت چەند پرسیارێك ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکرێت، کە ئایا ستراتیجیی ئاو بەم شێوەیە؟ دامەزراندنی ئاو بەم شێوەیە؟ پاراستنی ئاو بەم شێوەیە؟ چارەسەری ئاوی لافاو بەم شێوەیە؟ بۆیە بەڕاستی دەبێت لە هەرێمی کوردستان پسپۆڕ لە بواری ئەندازەی ئاو پێك بهێنرێت و دەکرێت پسپۆڕانی بواری جیۆلۆجی و ئاودێری، وەکو هاوکاری سوودیان لێوەربگیرێت بۆ دانانی چارەسەری کێشەی ئاو.

لە ٠,٣٥٪ ئاوی دەریاچەکانە و ڕێژەی ئاو لە چینی بەرگەهەوای زەوی ٠,٠٤٪، و تەنیا ٠,٠١٪ ڕووبارەکانە لە جیهان و بەشی ٨٠٪ی خەڵکی جیهان دەکات. لێرەدا وەکو سێیەم وڵاتانی جیهان کێشەی کەمبوونی ئاویان هەیە کە بە ڕێژەی ٤٠٪ی خەڵکی جیهانە، ئەم وڵاتانە کێشەی دابینکردنی ئاویان هەیە بۆ پێداویستییەکانی ئاوی ماڵان و گشتی و کشتوکاڵ، کەواتە ١,٢ ملیار مرۆڤ کێشەی دابینکردنی ئاویان هەیە، وەکو ئاوی خواردنەوە وشوشتن وکشتوکاڵ، ١,٨ ملیار مرۆڤ کێشەی ئاوەڕۆی هەیە. جگە لەوەی لە جیهاندا نزیکەی ٨٠٪ نەخۆش و ٣٠٪ لە مردووەکان بەهۆی پیسبوونی ئاوەوەیە. پێشبینی دەکرێت کە ٣٧ وڵات لە ساڵی ٢٠٢٥ کێشەی کەمبوونی ئاویان دەبێت، بۆ پێداویستییەکانی ئاوی ماڵان و خواردنەوە و شووشتن و کارگەکان و کشتوکاڵ.

بە پێی دوایین زانیاری کە لە بارەی بیرەکانی ئاو وەرگیراوە، ژمارەی بیری کشتوکاڵی لە هەموو پارێزگای هەولێر (٤٦٦١) بیرە و بیرەکانی ئاوی خواردنەوە (٤٢٢٠) بیرە و ژمارەی بیرەکانی پیشەسازی دەکاتە (١٦٣) بیر بەمەش کۆی گشتیی بیرەکان دەکاتە (٩٠٤٤) بیر لەسەر ئاستی پارێزگا.

هەروەها بەپێی دوایین زانیاری سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە بۆ شاری هەولێر بەندە لەسەر (٥٥٪) ئاوی ئیفرازەکان، دوای خاوێنکردنەوەی لە وێستگەکانی پاڵاوتنی ئاودا، هاوکات بەشەکەی دیکەیش بەندە لەسەر ئاوی ژێر زەوی بە ڕێژەی (٤٥٪)، هەروەها ژمارەی بیرەکان دەکاتە (١٢٠٠) بیر لە ڕووبەری شاری هەولێر کە (٤٠٠ کم ٢) یە.

لە عێراق و هەرێمی کوردستان گیروگرفت لە بەڕێوەبردنی ئاو هەیە، بۆ نموونە هەولێر، لە ساڵانی ڕابردوودا بە هۆی باران بارینی بە خوڕ لە وەرزی زستان و بەهاردا، بووە هۆی نقوومبوونی شەقامەکانی ناو شار و گرفتی هاتوچۆ لەو شەقامانەدا، لافاو چووە ناو بەشێك لە ماڵی

هاونیشتمانییەکان و شوێنی ئاو و ئاوەڕۆکان، کە بووە هۆی گەیاندنی زیانی ماددی و گیانی بە هاووڵاتی و حکومەت.


لە وەرزی هاویندا خەڵکی شار سکاڵا دەکەن لەسەر کەمیی ئاو، یەکێك لە گرینگترین خاڵەکانی چارەسەرکردنی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، بریتییە لە گرینگیدان بە تۆپۆگرافیی شوێنەکان و سوودوەرگرتن لە ئاو لە وەرزەکانی زستان و بەهار، کە دەتوانرێت بڕێکی زۆر ئاوی تێدا گل بدرێتەوە لە شوێنە ئاست بەرزەکاندا بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە وەزی هاویندا بە هۆی هێزی کێشکردنی زەوی بە بێ پێویستی بە پەمپ و تێچوو، کە هەمیشە پێویستی بە چاککردنەوە و وەستانە بۆ ماوەیەکی زۆر و بە مەبەستی چاککردنەوە.

لە ئەم ساڵدا زۆربەی سەرچاوەکانی ئاو کەمیان کردووە بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو، جگە لەوەش دابەزینی بڕی ئاوی باران بارین لە هەرێمی کوردستان بە بێ هەبوونی پرۆژەی پێویست بۆ سوودوەرگرتن لە ئاوی لافاو و گۆڕینی ئاوی لافاو لە وێرانکاری بۆ گرینگترین سەرچاوەی ئاو.

پارێزگای هەولێر ڕووبەری نزیکەی (١٥،٠٧٤کم٢) یە، کە نزیکەی (٣,٥٪)ی ڕووبەری هەموو عێراق دەگرێتەوە. ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی (٢،١١٣،٠٠٠)ـە و یەکێکە لە پارێزگا هەرە گرینگەکانی عێراق. هەروەها چوارەم گەورەترین پارێزگایە لە عێراق. ئاوی ژێر زەوی سەرچاوەی سەرەکیی کشتوکاڵ و ئاودێری و ئاوی خواردنەوەیە لە شاری هەولێر، ئاوی سەرزەوی بە زۆری گونجاو نییە بۆ بەکارهێنانی پێداویستیی مرۆڤ بە هۆکاری جۆراوجۆر. بیری هەڵکەندراو بەکاردێت بۆ دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی کە لە زۆربەی شارۆچکەکاندا هەیە. بەم شێوەیە ئاوی ژێر زەوی ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە زۆربەی بوارەکان لە شارەکەدا. پیسبوونی ئاوی ژێر زەوی کێشەیەکی سەرەکییە لە کوردستان، لە هەمان کاتدا دیراسەکردن و بەڕێوەبردنی ئاو سنووردارە لە ناوچەکەدا.

**حەوزەکانی هەولێر:**

حەوزی هەولێر، یان دەشتی هەولێر خەزانی ئاوی ژێرزەوییە لە پارێزگای هەولێر، ڕووبەری نزیکەی




وێنەی (١)

(٣٢٠٠کم٢)یە بە قووڵایی نزیکەی (٨٠٠م)، حەوزی هەولێر بە گرینگترین حەوز دادەنرێت لە ناوچەکەدا بە هۆی کوالیتی ئاوەکەی و بڕەکەی و نزیکی لە سەرڕووی زەوی،(unconfined aquifer) مانای وایە کە باران ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو ئەکویفەر(aquifer)، بەڵام هەندێك لە بەشەکانی دەبێتە (semi-confined aquifer) یان (confined aquifer) . بە گشتی حەوزی هەولێر دابەش دەبێتە سەر سێ بەشی سەرەکی بە ناوەکانی (کەپران) کە دەکەوێتە بەشی باکوور، حەوزی ناوەند کە دەکەوێتە بەشی ناوەڕاست، (باشتەپە) کە دەکەوێتە بەشی باشوور. هەروەك لە وێنەی (١) دیارە.

# ئاسمانی (سایبەر)مان چۆن ڕێک بخەین؟

کە باس لە وشەی «Cyber» دەکەین، ئەم چەمکە پەیوەستە بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ئەو فەزایەی لە پێکەوەگرێدانی ئەم دووانە دروست بووە، یان تەکنەلۆژیای زانیاری و جیهانی گریمانەیی، یان پێکەوەگرێدانی کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە. ئەو پەیوەندییە یان جیهانەی لەمەدا دروست بووە، جیهانێکی گریمانەییە، ئەم جیهانەش کردرای تێدا ئەنجام دەدرێت، هەر بۆیە ئەم چەمکە بەکار دێت وەك پێشگر بۆ ئەو کردارانەی لەو جیهانە گریمانەییەدا ئەنجام دەدرێن، وەك:

« Cyber talk; cyber art،Cyber-communication».


وەك چۆن وشەی «Cyber»» بۆ ئەو پەیوەندییە ئینتەرنێتییە بەکاردێت، «Cyber Space»یش بۆ ئەو بۆشاییە، یان ئاسمانە بەکار دێت (ئاسمانی سایبەر) کە لەو وڵاتەدا کۆمینیکەیشن لە ڕێگەی تۆڕەکانی کۆمپیوتەرەوە لە ژێریدا ئەنجام دەدرێت. وەك پسپۆڕێك دەڵێت: «ئێمە ئێستا لەجیهانی بێتەل (Wireless) دەژین. بە کوردی واتە ژیان و ڕەفتارنواندن لە جیهانی گریمانەیی و بۆشایی و بێتەلدا بە هۆی ئینتەرنێت و ئامێرەکانی زانیاری و پەیوەندیکردنەوە.

ئەم ئاسمانە کە دروست بوو، ڕاستە یەك پارچەییەکی جیهانی هەیە، چونکە تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی یەکسان بە سەر جیهاندا دابەش کراوە، ئەو بۆشاییەی کە بە ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا و زانیاری و داتا و زانیاری و تۆڕی کۆمپیوتەر و مرۆڤەکان پڕ بووەتەوە. ئەو ژینگەیەی کە جگە لە سوودە زانستی و ئابووری و سیاسییەکانی کە ئەمڕۆ بە هێزی چوارەم و بە هێزی سایبەر ناو دەبردرێت.

کاتێك باسی ڕێکخستنی ئەم ئاسمانە دەکرێت، ڕاستە ئاسمانێکی جیهانیی بێ سنوورە، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵی و ڕێکار بۆ ڕێکخستنی ئەوەندەی خودییە، جیهانی نییە، واتە وڵاتەکان دەبێت خۆیان ڕێکی بخەن، جگە لە هەندێك بابەت نەبێت، کە پەیوەستە بە مەسەلەی تیرۆریزم و بابەتی ڕێگەپێنەدراوی جیهانی. ڕێکخستنی هەر ژینگەیەکیش گەڕانەوەیە بۆ ئەو ژینگەیە، بزانین کێ یان چی پێکهینەری ئەو ژینگەیەن. لەم ژینگەیەدا مرۆڤ کارەکتەری سەرکی و ئامێریش ئامرازی بەکارهاتوو و داتا و زانیارییەکانیش بەرهەم و بەکارهێنراوی دەستی مرۆڤەکانن. کەواتە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەم ژینگەیە کە «مرۆڤ + تەکنیك›ئامێر› + داتا و زانیاری»ـن، دەبێت هەر سێ ڕێکاری یاسایی و تەکنیکی و بەربەست ‹فلتەر› بگرینە بەر. بۆچی؟ چونکە:

یەکەم: یاسا: مرۆڤ لە هەر جێگایەك بووبێت، بێ یاسا نەیتوانیوە سەلامەت بژی و مرۆڤەکانی دەوروبەریشی سەلامەت بن لێی. یاسا لە بەر وجوودی مرۆڤ هاتووەتە ئاراوە، چ لە یاسا ئاسمانییەکان کە لەلایەن خوداوە هاتوون، چ یاسا زەمینییەکان کە دانراوی دەستی مرۆڤن. چونکە مرۆڤ لە هەر شوێنێك هەبوو، ڕەفتار دەکات، ڕەفتاریش هەردوو ڕووی باش و خراپی هەیە، مرۆڤیش کائینێکە لە ‹خێر و شەڕ› پێکهاتووە، مامەڵە دەکات بە چەکێکەوە کە ‹زانیارییە›، مامەڵەش بە زانیاری ئەگەر لە سەر بنەمایەکی ئیتکی ئەخلاقی نەبێت، مەترسیدارە، ڕەنگە ڕێکخستنی ئەمەش قورستر بێت لە ڕێکخستن و دانانی یاسا بۆ بوارەکانی دیکە، چونکە باسێك دێتە پێشەوە کە ئەویش باسی ‹ئازادیی ڕادەربڕینە› و دەبێت بە وریایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

بە بێ دانانی یاسا و بوونی سزا بۆ تاکەکان کە چۆن ڕەفتار دەکەن، هەروەها بە یاساش دەسەڵاتەکانی حکومەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ژینگەیە و بەکارهێنان و مامەڵەکردن بە ئامێر و زانیارییەکانەوە لە کوێدا دەتوانێت ڕێگر بێت و، لە کوێدا مافیەتی مامەڵەی پێوە بکات. زەحمەتە مرۆڤەکان سەلامەت بن. چونکە لەگەڵ بوونی ئەم ژینگەیە ئێستا تاوانەکانی ناو ئەم ژینگەیە و کردەی مرۆڤ بەردەوام شێواز و فۆرمی نوێی هێناوەتە ئاراوە، هەر لە نموونەی ئەو دەستەواژانەی بۆ تاوانەکانی ناو ئەم جیهانە بەکارهاتوون، وەك چەمکەکانی: «Cyber Crime Cyber Violence، Cyber Cheating» کە ئاماژەن بۆ تاوان و توندوتیژی و دزی لە ناو جیهانی سایبەردا. لە بەرامبەریشدا دەستەواژەکانی وەك: «Cyber Security،cyber Security safety، digital security، safety» هاتەئاراوە بۆ پاراستنی وڵات و مرۆڤەکان لە مەترسییەکانی ئەم بۆشاییە، یان ئەم جیهانە گریمانەییە. وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، جیهانی ‹وایەرلێس› ئەو جیهانەیە کە هەموومان دەتوانین تێیدا پەیوەندی دروست بکەین، بەڵام پەیوەندییەکان جیاوازن لەو پەیوەندییە هاوڕێیەتی



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

و دراوسێیەتی، پیشەیی و خزمایەتیەی کە هەمانبوو لە جیهانی واقیعدا، پەیوەندییەکانی ناو جیهانی ‹وایەرلێس› لە سەر هیچ کام لەم بنەمایانە نییە، لە کاتێکدا هەموو پەیوەندییەکی خزمایەتی و پیشەیی و هاوڕێیەتی و دراوسێیەتی و...تاد، بە یاسای ئاسمانی و زەمینی ڕێکخراون، کەواتە دەبێت ئەم پەیوەندییە (وایەرلێس)ـەش بە یاسا ڕێکبخرێت. بەڵام زۆرێك لە وڵاتان لەگەڵ ڕێگەدان بە مامەڵەکردنی تاك بەم ئامێرانەوە، ڕێگەیان داوە بە خۆیان حکومەت لە کاتی پێویستدا تەداخول بکات، بۆ نموونە تورکیا، ئێران، بەنگلادیش، ڤیەتنام، کە لە کاتی گرژی و خۆپیشاندان و ترس لە تەقینەوەکانی ناوخۆی وڵات، ڕێگەیان بە خۆیان داوە، ئەو ئامرازانەی سۆشیاڵ میدیا وەك فەیسبووك و تویتەر و یوتیوب، ئینستاگرام بۆ ماوەیەك رابگرن. لە هەمان کاتدا وڵات دەتوانێت هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی ‹Internet Providre › خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە وڵاتدا بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بە کۆد، یان هەر ڕێگەیەکی دی ڕێگری بکات لەو مەترسییانە بەهۆی ئەم ژینگەیەوە تووشی وڵات دەبێت.

ڕێکاری دووەم، ڕێکاری تەکنیکی:

ئەمەش لەسەر ئاستی کەسی و حکوومییش دەکرێت، هەندێك وڵاتی وەك چین و ڕووسیا، لەگەڵ کۆمپانیاکانی خزمەتگوزرایی ئینتەرنێت ڕێککەوتوون کە «Backdoor»یان هەبێت، کە بە مانای ئەو سیستمە دێت کە ڕێگە دەدات بە گەیشتن و چاودێریکردنی داتا و زانیارییەکان لە سیستمی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر، تاکو لەوێوە چاودێریی ئەو مامەڵەیەی هاووڵاتیان بکەن، کە چۆن لەگەڵ زانیاری و مەعلوماتەکانی ناو تۆڕی ئینتەرنێت و ئامرازەکانی سۆشیاڵ میدیا ڕەفتار دەکەن. ئەمانە و چەندین ڕێکاری دیکە تەکنیکی هەن کە وڵاتان دەتوانن بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی دابینکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت بیکەن. لەسەر ئاستی کەسیش، هەموو فۆرمێك، یان ئامێرێکی تەکنەلۆژیای زانیاری و سۆشیاڵ میدیا بەشێکی هەیە کە پێی دەوترێت › Account Restriction‹ کە بە چەندین جۆر ماف دەدات بە کەسەکان کە پێگەکەیان یان ئامێر و ئەژمارەکەیان بپارێزن، هەر لەوێوە بیگرە کە کێ دەکەنە هاوڕێی خۆیان لەو جیهانەدا، تاکو سنووردارکردن و ڕێگریکردن لە کۆمێنت و نامە و لایکی پەیجەکانیان، کە ئەمە دەبێت بە خول و ڕاهێنان و وانە خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندن لە سەرەتاییەوە تا زانکۆ فێری خوێندکاران بکرێت.

ڕێکاری سێیەم، فلتەر و پاڵاوتن:

مەسەلەی فلتەرکردنیش هەر بەشێکە لە ڕێکاری تەکنیکی، بەڵام زیاتر ناوەڕۆکەکەیە کە ڕێگری دەکات لە هەندێك وشە و دەستەواژە و بیرۆکە کە بە گوێرەی یاسای ئەو وڵاتە تاوانن، یان هۆکارن بۆ تاوان، بۆ نموونە هەندێك وڵاتانی ئیسلامی لەگەڵ کۆمپانیاکانی دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت ڕێککەوتوون کە بە هەندێك کۆد، یان ڕێکاری ڕێگری، ڕێگری بکەن لە گەیشتنی هەندێك زانیاری بە بەکاربەرانی سۆشیاڵ میدیا و تەکنەلۆژیای زانیاری کە لە ڕووی ئایینی ئیسلامەوە ڕێگەپێدراو نین، بەڵام لەمەشدا زۆر دەبێت ئاگاداری ‹ئازادیی ڕادەربرین› بین، ئەگەرچی مەسەلەی لیبراڵی و لیبراڵ دیموکراسی بە سەرهەڵدانی سۆشیاڵ میدیا و ئاسمانی سایبەر› مشتومڕ و گفتوگۆی هێناوەتە ئاراوە، تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووش، کە ئایا هەمان ئەوەی پەیڕەو کرا بۆ ڕاگەیاندنە کۆنەکانی وەك ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، ئاواش بنەماکانی لیبراڵی پەیرەو بکرێت لە جیهانی سۆشیاڵ میدیا؟ لە کاتێکدا ڕەفتار لەم دوو جیهانەدا لەم دوو فۆڕمە میدیا و زانیارییەدا جیاوازە، جیهانی گریمانەیی و سایبەر مرۆڤ بە شاراوەیی و بە چەندین دەموچاو و دەموچاوی نادیارەوە دەتوانێت، ڕەفتار بکات. بۆیە گرتنەبەری هەندێك ڕێکاری وەك ‹Filter Specific Words and Phrases › واتە فلتەرکردن و پاڵاوتنی هەندێك دەستەواژە و وشە، ئەمەش یاسا و پێداویستیی ئەو کۆمەڵگەیە دەریدەخات کامە وشە و کامە دەستەواژە بلۆك دەکات، یان ڕێگری لێ دەکات، لەمەشدا هەر بە هەماهەنگیی کۆمپانیاکانی دابینکردنی خزمەتگوزرای ئینتەرنێت دەبێت، بەمەش دەتوانین ژینگەیەکی سەلامەت و ئارام لە ‹جیهانی سایبەردا› فەراهەم بکەین، بە گرتنەبەری هەر ئەو سێ ڕێگەیەی یاسایی و تەکنیکی و فلتەرکردن. ئەوکات بەمە لە ژێر ئەو ئاسمانە سایبەرەدا چەترێکی پارێزگاری بۆ وڵات و تاکەکان دروست دەکەین و، دەشتوانین ئەم ئامێرە و ئەم جیهانە چۆن بمانەوێت بۆ دژی دوژمنەکانمان بەکاری بهێنین.